




# بەشێک لە وتارو نووسراوەکانی

## هاوڕێ سارۆ خوسرەوی

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

گەلاوێژی ٢٧٢٦ی کوردی = ئاگۆستی ٢٠٢٦ی زایینی

سەرچاوە
Serchawe

# پێڕست:


١- پەرتەو کرماشانی، شەوچرای شێعری ئەویندارى........................................................... ٣

٢- چەند پەیڤێک لەبارەی "سەرم داناوە لەسەر دڵت"ی کەریم تاقانە........................................ ٧

٣- ئاخێزی ژینا و ئەرکی ڕووناکبیرانی کورد................................................................. ١٢

٤- شاعیری ڕۆشندڵ، شامیی کرماشانی...................................................................... ١٥

٥- درێژەی پیاسەیەک لەگەڵ شێعرەکانی سەعید عبادەتیان "بانان"........................................ ٢١

٦- ئاوڕدانەوەیەک لە دنیای شێعرەکانی عەلی ئولفەتی..................................................... ٢٩

٧- نەورۆزی کوردەواری لە ئەدەبیاتی باوەڕیی یارساندا.................................................... ٣٦

٨- جێگەوپێگەی تەمبوور لە کولتووری یارساندا............................................................ ٤١

٩- پێگەی ژن لە ئەدەبیاتی باوەڕیی یارساندا............................................................... ٤٤

١٠- هەنار لە ئەدەبیاتی باوەڕیی کوردانی زاگرۆسدا........................................................ ٤٩

١١- گەلی کورد پێویستە جەژنی خاوەنکار بە بەشێک لە شکۆ و شانازییەکانی مێژووی خۆی بزانێت...........................
.............................................................................. وتووێژ: شەهرام سوبحانی ..... ٥٤


١٢- ڕێوایەتی شەوچلە لە فەرهەنگ و باوەڕی کورداندا...................................................... ٥٨

١٣- نەریتی (گاڤارەوەکووڵ) یان (داڵگەوەهار) لە فەرهەنگی کوردانی یارساندا............................. ٦٢

١٤- کورد و کوردستان لە دەقە ئاینییەکانی یارساندا......................................................... ٦٥

١٥- ڕۆڵی کوردیی گۆرانی لە ئایینی یاریدا................................................................. ٧٣

## پەرتەو کرماشانی، شەوچرای شێعری ئەویینداری.



هەڵبەستوانی کورد عەلی ئەشرەفی نەوبەتی ناسراو بە "پەرتەو کرماشانی" لە ساڵی ١٣١٠ی هەتاوی لە گەڕەکی بەرزەدەماخی شاری کرماشان لەدایک بوو. ئەو سەرلەبەیانیی ڕۆژی ٥ی ڕێبەندانی ١٤٠٠ی هەتاوی لە شاری کرماشان ماڵاوایی لە ژیان کرد.

پەرتەو شاعیرێکی زۆر ناسراوە لە کرماشان و تەنانەت لە دەرەوەی کرماشانیش. ئەو شاعیری شێعری غەزەلە و بە هەردووک زمانی کوردی و فارسی شێعری نووسیوە. ئەوڕۆ کەم کەس هەیە لە کرماشان و کوردستان لە گەڵ غەزەلە کوردییەکانی پەرتەو ئاشنا نەبێ، بە تایبەت شێعری "ئەرمەنی" وەک دیارترین هەڵبەستی کوردیی ئەم شاعیرە بۆ زۆر کەس ئاشنایە. غەزەلە کوردییەکانی پەرتەو سەرنجی زۆرێک لە خوێنەران و ڕەخنەگرانی کوردی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە.

پەرتەو لە تەمەنی شانزە ساڵیدا دەستی کردووە بە هۆنینەوەی هەڵبەست. بۆ یەکەمین جار کۆمەڵە هەڵبەستی پەرتەو لە ژێر ناوی"کوچە باغیها" بە زمانەکانی فارسی و کوردی لە لایەن دوکتۆر محەممەدعەلی سولتانی‌یەوە چاپ و بڵاو کرایەوە. شێعرە کوردییەکانی ئەم شاعیرە زۆر کەمن، بەڵام زۆرترین لایەنگریان هەیە.

جوانیی شێعر و هەست و خەیاڵی ناسکی پەرتەو، زمانی کوردیی لە کرماشان خۆشەویستتر کردوە. شێعری پەرتەو هەڵگری خەمی مرۆڤە لە کۆمەڵگەی خۆی. ئەو بە زمانی سادە دەینووسی، بەڵام بە شێوازێکی زۆر هونەرمەندانە و پڕ لە تەکنیکی

شێعری باسی لە خۆشی و ناخۆشییەکانی کۆمەڵگە دەکرد. مرۆڤ کە غەزەلەکانی پەرتەو دەخوێنێتەوە، هەموو تایبەتمەندییەکانی شاعیرێکی سەرکەوتوو و خاوەن هەست و زەوق لە ئەودا بەدی دەکا. شێعرەکانی پەیوەندیی ڕۆحی و مەعنەوی لەگەڵ خوێنەر دروست دەکەن و ئارامی دەبەخشنە دڵی پڕ لە ژانی کۆمەڵگە. شێعری پەرتەو بەو ئەندازەیەی کۆمەڵایەتییە، ئەوەندەش پڕە لە پەیام و هەڵوێستی بەرزی ئینسانی. لە شێعرەکانیدا خەم و شادی بەدی دەکرێ. ئەو جوانی و سادەیی ژیانی خەڵک بە سەرچاوەی سووژە و هەوێنی شێعرەکانی خۆی دەزانی و بەبێ خۆهەڵکێشان، خۆ دەرخستن و منەت بەسەر کەسەوە کردن، کەشکۆڵی شێعرەکانی دەخستە خزمەتی کۆمەڵگە. چەکی دەستی ئەو، چرای جوانی شێعر بوو، و تەنیا لە ڕێگای کاریگەریی شێعرەکانیەوە توانیی جێگای شیاوی خۆی لە نێو دڵی کۆمەڵگەدا بکاتەوە.

پەرتەو لە دوای "شامی کرماشانی" نەیهێشت چرای جوان و ڕەنگینی زمانی کوردی لە کرماشان خامۆش بێت. شێعرەکانی وەک شەم لە تاریکیدا هەڵکران و کۆڕی عاشقانی ئەدەب و زمانی کوردییان ڕووناک کردەوە. ئەویندارانی شێعری کوردی بە غەزەلە کوردییەکانی پەرتەو سەرمەست دەبن. کێ هەیە شێعری "ئەرمەنی" بخوێنێتەوە و لە شەوقی جوانیی ئەم غەزەلە ناوازەیەدا، بە خەیاڵ وێڵ و ئاوارەی کۆڵان و گەڕەکەکانی کرماشان نەبێت.

**پەرتەو لەم شێعرەیدا پەنا دەباتە بەر بادە و سەرمەستانە لە ئەرمەنییەکەی خۆی دەگەڕێ و دەڵێ:**

**"ئاوارەگەی بێچارەگەی بێ خانمانم ئەرمەنی**
**ماڵد نیەزانم ها لە کوو، ڕوح و ڕەوانم ئەرمەنی**
**ترسم وەگەردم تا نەکەی، بویشی بچوو، دەر وا نەکەی**
**ئەمجا م دی دێوانەگەی ئاگر وەگیانم ئەرمەنی"**

گرنگیی شێعری ئەرمەنی بەدەر لە ڕەوانبێژی و جوانییەکەی لەوە دایە کە شاعیر دەچێتە بەر ماڵی ئەرمەنییەک و داوای مەی لێ دەکات، بەڵام لە بەر ئەوەی لە ڕەوشی ئێستای وڵاتدا مەی حەرامە و بە ئازادی ناخورێتەوە،

**پەرتەو بە دزییەوە داوای مەی لە ئەرمەنی دەکا و قەوڵیشی پێ دەدات ناوی ئاشکرا نەکات و دەڵێ:**

**ئەر یەی کەسی لە دوژمنی پرسی: ئیە وە کوورە سەنی؟**
**وە گیان هەرچی کافرە، ئویشم نیەزانم ئەرمەنی**

پەرتەو دەیەوێ ئەرمەنی دەرگای لێ بکاتەوە و بەو ئاخر شەوە بە مەی، خەمی دڵی خۆی بە با بدات،

بۆیە لە کۆڵی نابێتەوە و پێی دەڵێ:

دەر واکە زویتر پەرتەوە، مێمانەگەی ئاخر شەوە
یەی شیشە لەو بەدمەسەوە پڕکە بزانم ئەرمەنی

پەرتەو شاری خۆی، کرماشانی خۆش دەوێ و نایەوێ بەجێی بێڵێت. شێعری ئەو لە بەرزیی بێستۆن سەر دەردێنێ و خۆی لە ئاوێنەی سەراونیلۆفەڕ هەڵدەکێشی.

شاعیر لە یەکێک لە غەزەلەکانیدا خۆشەویستیی خۆی بۆ شارەکەی کرماشان نیشان دەدا و دەڵێ:

شار کرماشان دیار عشقە خاپووری نەکەین
خەڕگ کوورە بنیشم، خاک و ئاوم هەریەسە
یان لە شوێنێکی دیکەی شێعرەکەیدا دەڵێ:
ڕووژ تا شەو کاروبارم شین و شیوەن کردنە
تاقوەسانم هەریەسە باخ سەراوم هەریەسە

پەرتەو لە ژیانی شاعیریی خۆیدا، لە ئاست دیاردە و ڕووداوەکانی کۆمەڵگەکەی بێدەنگ نەبووە و زۆر جار هەڵوێستی نواندوە.

ئەو لە بەرانبەر ئەوانەی کە ڕێگری لە وتەی حەق دەکەن و ئازادی لە مرۆڤەکان بەربەست دەکەن دێتە دەنگ و دەڵێ:

هەم پەڕو باڵم بەسانە هەم دەمم دویراننە
تا م بووم و حەرف هەق نەویشم جواوم هەریەسە

پەرتەو، بەو جۆرەی لە شێعرەکانیدا دیارە، شاعیرێکە خوازیاری عەداڵەتە و ناخوازێ مافی مرۆڤەکان پێشێل بکرێ،

هەر بۆیە دەڵێ:

پەرتەو ئەر ئاوارەم و باوان خەراو و دەروەدەر
ئیوشم ئی زوڵمە نەمینێد، ناحساوم هەر یەسە

خەم و دەردی دووریی کوردەکان لە یەکتر، وردیلە گەراکانی ناخی ئەم شاعیرە دەهەژێنێ و بە شێعر خۆشەویستیی خۆی بۆ هاووڵاتی و هاوزمانانی لە شار و دەڤەرەکانی کوردستان نیشان دەدات و ئاوات دەخوازێ گەلەکەی یەکگرتوو بێ و مەشخەڵی سەرکەوتن لە سەر چیا سەربەرزەکانی کوردستان بۆ یەکتر هەڵبکەن.

وەک ئەوەی کە دەڵێ:

من کرماشانی و تو کورد بانە
لە یەک دویر و دویری دەردمانە
من لە بان پەڕاو، تو لە ئاڕبابا
ئەڕای یەک ئاگری واکەیم شەوانە

شێعری پەرتەو کرماشانی ڕەنگە لە ڕووی ڕواڵەتییەوە سادە و ئاسان بێتە پێش چاو، بەڵام ئەگەر بەباشی لە نێوەڕۆکی شێعرەکانی ورد بینەوە، دەبینین خاوەنی پەیامی بەرزن. شێعرەکانی پڕن لە وشیاریی کۆمەڵایەتی و مافخوازی. پەرتەو لە کاتێکدا بڕیار دەدا بە زمانی دایکیی خۆی شێعر بنووسێ، کە لە کرماشان سیاسەتی ئاسیمیلەکردنی زوانی کوردی پەرە دەستێنێ، بەڵام کاریگەریی شێعرە کوردییەکانی ئەم شاعیرە بە ڕادەیەک بوو کە جارێکی دیکە زمانی کوردیی لای خەڵکی شارەکەی خۆشەویست کرد. ئەگەر ئەورۆ لە کرماشان و ئیلام پڕۆسەی ئەدەبی بە زمانی کوردی دەستی پێ کردوە، بێگومان ڕۆڵ و کاریگەریی پەرتەو لەم مەیدانەدا دیارە. ئەگەر شێعرەکانی پەرتەو ئەوەندە کاریگەر نەبان، بێگومان ڕۆژێکی تایبەت بۆ ڕێزگرتنی ساڵانە لەم شاعیرە مەزنەی کورد دیاری نەدەکرا.


**خۆشەویستیی پەرتەو لە نێو کۆمەڵگەی خۆی، هەڵدەگەڕێتەوە بۆ بەرپرسایەتیی ئەم شاعیرە لە پێوەندی لە گەڵ زمانی دایکیی خۆی، زمانێک کە ساڵانێکە هەوڵ بۆ تواندنەوەی دەدرێ.**

سەرچاوە:

- ئەدەبیاتی کلاسیک و هاوچەرخی کرماشان و ئیلام - سارۆ خوسرەوی
- دەلاقە، دەروەچەوی باران، زمان و ئەدەبی کوردی لە کرماشان و ئیلام - شەریف فەلاح
- کوچە باغیها - پەڕتەو کرماشانی

٧ی فێبریوێری ٢٠٢٢

## چەند پەیڤێک لەبارەی "سەرم داناوە لەسەر دڵت"ی کەریم تاقانە




کاک کەریم تاقانە ساڵانێکی زۆرە کورتەچیرۆک و بابەتی ئەدەبی دەنووسێت و تا ئێستاش چەندین ڕۆمان و شانۆنامە و کتێبی شیعری لە زمانی سوێدییەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی. «سەرم داناوە لەسەر دڵت»، نۆبەری شیعری کاک کەریم تاقانەیە.

ئەم دیوانەشیعرە کە ٨٣ لاپەڕەیە، ساڵی ٢٠٢٢ی زایینی لە ناوەندی بڵاوکردنەوەی کەپر چاپ و بڵاو بووەتەوە.

شیعرەکانی نێو ئەم دیوانە وردیلەن، بەڵام ڕووبەری خەیاڵی شاعیر بێ سنوورن. لەگەڵ خوێندنەوەی شیعرەکاندا هەست بە بیرکردنەوەی قووڵی شاعیر دەکەی، لە مەڕ خۆشەویستی بۆ دایک، بۆ نیشتمان بۆ ژینگە، بۆ زمانی کوردی و بەهای جوانی و خەونەکانی مرۆڤ. سەرچاوەی بوون و فەزای ئەم شیعرانە، دەکرێ ژیان و ئەزموونی پڕ لە هەوراز و نشێوی شاعیر خۆی بێت، بەڵام بە ڕوانینێکی ڕەخنەگرانە و بە زمانێکی تەواو شاعیرانەوە کە سپێتییش لەنێوان شیعرەکاندا دەکرێ هەڵگری مانای تایبەت بن.

شاعیر ترپەی دڵی تێکەڵ بە ملوانکەی وشەی کوردی دەکات و لە کورترین شیعری خۆیدا خۆشەویستیی خۆی بۆ دایکی نیشان دەدات و دەڵێ:

"قاچی زەوی لەرزی لەوێ،
دوو ئەژنووی من لێرە شکان.

لەوێ دایکم ڕاچەڵەکا،
لێرە هەناری دڵ داکەوت." (سەرم داناوە لەسەر دڵت، ل ٦٨)

شاعیر، بەبێ ئەوەی ئاماژە بە شەڕێکی تایبەت و دیاریکراو بکات، باس لە دیاردە و ئاکامی خراپی شەڕ دەکات و مەرگی مرۆڤەکان و وێرانیی سروشت و تاسانی هەموو جۆرە بوونەوەرێک لە بەریەک دادەنێت.

**شاعیر لێرەدا لە ڕوانگەی مرۆڤدۆستییەوە فەنابوونی جوانییەکانی مرۆڤ و سروشت وەک یەک پێناسە دەکات و دەڵێ:**

"پووش و پەڵاش بە هەواوە.
شکا شانوملی دار،
تاسا سێوەلاسوورەی باخچە.
چنگی پڵنگ، گەرووی ئاسک.
دەبینم ڕێواسی سووتاو،
دەبیستم، لوورەی سەگ.
جەنگە." (سەرم داناوە لەسەر دڵت، ل ٣١)

لە ژینگەیەکدا کە فەزای ترس و زۆرداری حاکم بێت، دیوە سروشتییەکەی ژیان پێچەوانە دەبێتەوە، بەڵام شاعیر بێدەنگ نابێت و ئامادەیە لەپێناوی مانەوەی جوانییەکانی ژیان و ژینگەدا، باجی هەڵوێستەکانی خۆی بدات. ئاخر لای ئەو پرچی زێڕینی خۆر، چریکەی بولبول و باڵاکردنی درەختەکان، سەرچاوەی شیعر و ژیانن.

**وەک ئەوەی کە لە لاپەڕەی ٤٢ی دیوانەکەیدا دەڵێ:**

"دەست هەڵدەبڕم، قامکێکم لە گرەوی مەرگدایە.
نایانەوێ خۆر پرچی خۆی دابهێنێ،
ئەو بولبولە بخوێنێ،
ئەو درەختە باڵا بکات.
من سەرم لە گرەوی مەرگدایە.
باڵندەیەک بە دوای ڕاوچییەکەی خۆیدا دەگەڕێ.
زامێک، بە دوای تیرێکدا".

**نەمریی مرۆڤ لەوەدایە، دوای مەرگی خۆی جوانترین دەنگ و ڕەنگ بێت لە یادەوەریی کۆمەڵگەدا. شاعیر نایەوێ لە پاش خۆی دەنگ و ئەوینی کاڵ ببنەوە.**

**ئەو لەگەڵ فرمێسک و تەنیاییی خۆیدا کۆچ دەکات و چێژی خۆشەویستی لەپاش خۆی بە جێ دێڵێ و وەها باس لە مردن و هەرمانی خۆشەویستیی خۆی دەکات:**

**"سبەی ڕەنگە هەڵمواسن.**
**فرمێسک و هەناسەم، بۆ خۆم.**
**دەنگی زوڵاڵم، بۆ تۆ.**
**تەنیاییم، توێشووی ڕێگەکەم.**
**ماچەکانم، ملوانکەیەک بۆ گەردنت."** (ل، ٤٣)

**لە ڕوانگەی شاعیرەوە، بەها گرینگە، بەهای ئەو شتە جوانانەی کە بەشێکن لە بوون و ژیانی تۆ. تۆ ئەو دەمەی حەسرەت دەخۆی و خەم دادەگری،**

**بەشێک لە بەهاکانی ژیانت لە دەست دەدەی. وەک ئەوەی کە دەڵێ:**

**"درەخت پرچ دادەڕنێ**
**بۆ ڕەگێکی وشکەوەبووی هەناوی خۆی.**
**شاخ سینگ دەکوتێ**
**بۆ پۆلەکۆترێکی بێسەروشوێنی قەدپاڵی خۆی."** (سەرم داناوە لەسەر دڵت، ل ٥١)

**شاعیر، ئەزموونی ژیان لە گەڕان و نوێبوونەوەدا پێناسە دەکات و ئەمە بە بەشێک لە خەونی ڕزگاریی بوونەوەرەکان لە قەڵەم دەدات و دەڵێ:**

**"ئەم قنگڵاشکە لەو سارایە**
**گەلێک مارمێلکەی بینیوە؛**
**بە تەمای بێڵەکانەی خۆشەویستییە،**
**بێت قاچی لە زەوی هەڵکەنێ.**
**ئەو کوچکە**

لە مێژ ساڵە لەو دەشتەدا ڕاکشاوە،
خەون دەبینی، دەستێک دێت و هەڵیدەگرێ،
فڕێی دەداتە نێو گۆمێک." (ل،٧٠)

خەزان و هەڵـوەرینی گـوڵ و گەڵا، لای شـاعیر تەنیـا دیـاردەیەکی سروشـتی نـین، بەڵکـوو تێپەڕبـوونی زەمەنە لە ژیـانی هەریەک لە ئێمەدا، دابڕانمانە لە سەرچاوە و لانکەی خۆشەویستی.

شاعیر بە حەسرەتەوە باسی ئەم کۆچ و لێکدابڕانەی دەکات و دەڵێ:

"درەختی بەر دەرگا جێ دەهێڵێ و
گوڵدانی بەر پەنجەرەم؛
بە بەرچاوما ڕادەبووری،
دەگاتە لای سەعاتی دڵ؛
لەوێ
هەڵدەوەرێ زەمەن.
شەو شاد، پاییز! (ل،٨٢)

نـاکرێ شـاعیر بیت، بەڵام خەمی نـان و ڕەنجی مرۆڤی هەژار و ئـازاری منـاڵان نەبینیت. شـاعیر ئەو دەمەی لە بەرانبەر نایەکسانی کۆمەڵایەتیدا دەنگی هەڵدەبڕێت، شیعرەکانی دەبنە هەوێنی ژیـان.

هەر بۆیە کەریم تاقانە، لێرەدا جەخت لەسەر وشەی مرۆڤبوون دەکاتەوە و دەڵێت:

"کێ مرۆڤە. کێ؟
ئەو ژنە شێوێ شک نابا،
کچۆڵە ئاو دەفرۆشێ،
باڵندەیەک تینوویەتی.
مرۆڤ کێیە؟
تۆ خوانەکەت ڕەنگاوڕەنگ،
ئەو کێڵگەی تاریکی تێراو دەکا،
من سێرە دەگرم لە گوڵەستێرە. ." (ل،٦٩)



سەرچاوە Serchawe

بە ڕای من کەریم تاقانە لەم بەرهەمە شیعرییەیدا جگە لە بەرهەمهێنانی دەقی شیعری، توانیویەتی جوانییەکانی وشەی کوردییش وێنا بکات. شیعر دەکرێ بەرزترین و ئەستەمترین ئاستی دەربڕین بێت لە زماندا، چونکە شاعیر لە ڕووبەرێکی بەرفروانتردا مامەڵە لەگەڵ وشەدا دەکات.

شاعیر سەر بە هەر ڕەگەز و کلتوورێک بێت، دەبێ ئەوەی لە بیر بێت کە شیعر لە نێوەڕۆکدا لایەنی گەردوونیی هەیە. من ئەمەیان لە شیعرەکانی تاقانەدا بە جوانی دەبینم. خەمی ئەو، خەمی مرۆڤە، خەمی لەکیسچوونی بەها جوانەکانی ژیانە، فەرق ناکات لە نیشتمانی دایک بێت یان لە هەر شوێنێکی دیکە.

**من چێژم بینی لە شیعرەکانی کەریم تاقانە، هیوادارم قەت لە جوانیی وشە و خەیاڵی قووڵی خۆی بۆ ژیان، بێبەشمان نەکات.**

**١٣ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢**

# ئاخێزی ژینا و ئەرکی ڕووناکبیرانی کورد



جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە کوردستان و بەلووچستان و تێکەڵنەبوونی هەراوی شارە گەورەکانی ئێران لە شۆڕشەکەدا، پێمان دەڵێت هێشتا زۆرێک لە خەڵکانی ئێران، مێشک و کۆدەکانی بیرکردنەوەیان بە سیاسەتی جوداییخوازیی ڕێژێمی ئێران ئاخێنراوە و نیگەرانی ئەوەن لە ئەگەری ڕووخانی ئەم ڕێژێمەدا، وڵات دابەش بکرێت. ئەمەش ئەرک دەخاتە سەر شانی ڕووناکبیرانی کورد کە پتر لە ئێستا ئە وێنەی جوداییخوازییەی لای نەتەوەکانی دیکەی ئێران لە بارەی کوردەوە دروست بووە، بیگۆڕن.

ئێمە دەزانین ساڵانێکە دەسەڵاتدارنی تاران و ناسیۆنالیستی ئێرانی بە گشتی، خەڵکی ئێرانیان وا تێگەیاندووە کە کوردەکان جوداییخوازن و دەیانەوێ ئێران پارچە پارچە بکەن، بەڵام لە ڕەوتی ئاخێزی ژینادا، تا ڕادەیەک ماهییەتی ڕێژێم بۆ گەلانی دیکەی جوغرافیای سیاسیی ئێران ئاشکرا بوو، کە ئەم ڕێژیمە تەنیا لەپێناو مانەوەی خۆی لە دەسەڵات و سەرکوتکردنی ئازادیخوازانی کورد و گەلانی دیکەی ئێرانە کە لە دەستەواژەی جوداییخوازی کەڵک وەردەگرێ.

هاودەنگی و هاوهەڵوێستیی حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە مەڕ پشتگیرییان لە ئاخێزی سەرتاسەریی ژینا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران، زەبرێکی بەهێز بوو لە پەیکەری کۆماری ئیسلامیی ئێران کەوت. بۆ ڕێژێمێک کە زۆرتر لە چوار دەیەیە هەوڵی خەڵەتاندنی خەڵک دەدات و کۆمەڵگە چەواشە دەکات، چاوەڕواننەکراو بوو گەلانی ئێران لە یەک

کاتدا  بڕژێنە سەر شەقام و دروشمی مەرگ و نەمانی بۆ بڵێنەوە. ئەگەر هەتا دوێنێ، مێشکی مرۆڤی ئێرانی پڕ دەکرا لە درۆ و دەلەسە لە بارەی ماف و داخوازییەکانی گەلی کورد، بە خۆشییەوە ئەورۆ زۆرێک لە خەڵکی ئێران، بۆ خۆیان دنیای ڕاستییەکان دەبینن و بە دوور لە دەمارگیریی نەتەوەیی، لە هەوڵی چەسپاندنی ئاشتی، هاوخەباتی و سەقامگیریی دیمۆکراسی دان.

خۆپیشاندان و چالاکیی کوردان لە دیاسپۆرا ڕۆڵ و شوێنی خۆی هەیە، بەڵام ڕەنگە بە ئەو ڕادەیە کاریگەر نەبێت کە ڕووناکبیرانی کورد شانبەشانی سیاسەتمەدارانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، نەخشە بۆ سیاسەتێکی تازە لە گۆڕەپانی سیاسیی ئێراندا بکێشن. بۆ نموونە دەرفەتی ئەوە هەیە لە ڕێی میدیا و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، ئەزموونی سیاسی و شۆڕشگێڕیی خەڵکی کورد لەگەڵ چینی نوخبە و ڕووناکبیری ئێران بێننە گۆڕێ. ئێستاش بۆ زۆرێک لە ڕووناکبیرانی غەیرەکورد ئەو پرسیارە دێتە ئارا، داخۆ چۆنە کۆماری ئیسلامی لە پاش ئەو هەموو ساڵەی لە کوردستان، نەیتوانیوە مێشکی کوردان دیلی دەستی سیاسەتەکانی خۆی بکات. وەڵامەکەی بۆ ئێمەی کوردان ڕوونە، لە بەر ئەوەی لە کوردستان بزووتنەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی بەردەوام لە تێکۆشاندا بووە و ڕێژیم نەیتوانیوە بۆشایی لەنێوان گەل و حیزبە سیاسییەکاندا دروست بکات. کاتێک هەموو لایەنە سیاسییەکانی کورد بە یەکدەنگی داوای مانگرتنی سەرتاسەری دەکەن و گەل بە ئەرێنی، وەڵامی داواکارییەکانیان دەداتەوە، ئەوکات فرەتر زیندووبوونی بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان و وشیاریی سیاسیی گەل بۆ دەسەڵاتداران و خەڵکانی ئێران بەگشتی ڕوون دەبێتەوە.

کورد لە زۆر قۆناغی جیاوازدا، بۆ گەیشتن بە ئازادی و یەکسانیی کۆمەڵایەتی هەنگاوی هەڵهێناوە و لەو چوارچێوەیەدا باجی گەورەشی داوە، هەرگیز لە مەیدانی تێکۆشانیش نەکشاوەتەوە، بۆیە زۆر گرینگە ئەم وانەی بەرخۆدان و نەبەزینە، بکرێتە کولتووری تێکۆشانی هاوبەشی گشت گەلانی ئێران دژبە دیکتاتۆریی کۆماری ئیسلامی.

لە ئاخێزی ژینادا هەتا ئێستا گەلانی بەلووچ و کورد زۆرترین قوربانییان داوە، لە بەر ئەوەی شارە گەورەکانی ناوەندی ئێران، نەیانتوانیوە بەو جۆرەی پێویستە پشتگیری لە گەلانی بەلووچ و کورد بکەن. لێرەدا ڕۆڵی ڕووناکبیرانی کود لە وشیارکردنەوەی نەوەی ئازادیخوازی ئێستای ئێران زۆر گرینگە. ڕووناکبیری کورد، پێویست دەکات بۆ پێشخستنی تێکۆشانی سیاسیی هاوبەش لەگەڵ گەلانی دیکەی ئێران، بیرە بنەڕەتییەکانی تێکۆشانی ڕزگاریی خۆی شی بکاتەوە و تەمی زێهنییەتی جودایی‌خوازیی کوردان لە مێشکی ڕووناکبیرانی ئێرانی بڕەوێنێتەوە. واتە زۆر گرینگە ڕووناکبیرانی کورد لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات، لە قەوارە و چوارچێوەیەکی بەرفراوانتردا بیر لە تێکۆشانی هاوبەش لەگەڵ ڕووناکبیران و ئازادیخوازانی دیکەی ئێران بکەنەوە. توانستی بیرکردنەوەی ڕووناکبیرانی کورد نابێت تەنیا لە ئاستی ویست و داخوازییەکانی گەلی کوردا قەتیس بمێنێ و خۆی لە خەباتی هاوبەش بەدوور بگرێ، بەڵکوو باشترە بە بوێرییەوە توخنی


تێکۆشـانی هـاوبەش بـکەوێ و  پێشـەنگبوونی خـۆی لە تێکۆشـانی یەکپـارچەیی گەلانـی ئێـران، باشـتر و بە کردەوەتـر بسەلمێنێت.

کەواتە بـۆ ئەوەی دەسـەڵاتدارانی تـاران جـاریکی دیـکە بە بیـانووی مەسـەلەی جوداییخـوازیی، نەوەی دەیەی هەشـتا وەک نەوەکانی پێشوو چەواشە نەکەن، ڕێگە ئەوەیە ڕووناکبیرانی کورد، بە شێوەی قـووڵ و فـراوان خۆیـان بـۆ تێکۆشـانی ئـازادی لە چوارچێـوەی جوگرافیـای سیاسیی ئێرانـدا تەرخـان بـکەن و ڕوونـاکبیرانی نەتەوەکـانی دیـکە و یەک لەوان فارسـەکانیش پێویستە بە چاوی کراوە و لۆژیکی سەردەمیانەوە بڕواننە ئێستا و داهاتووی ئێران و گرینگترین پرسـی ئەم وڵاتە کە پرسـی فرەنەتەوەبوونی ئێران و مافی نەتەوەیی و وەکیەکی ئەو نەتەوانەیە.

ئەم بـابەتە لە ژمارەی ٨٣٧ی ڕۆژنامەی کوردستان بڵاو کراوەتەوە.

١ی بەفرانباری ٢٧٢٢

# شاعیری ڕۆشندڵ، شامیی کرماشانی




هەڵبەستوانی کورد، شامراد کرماشانی ناسراو بە "شامی کرماشانی" لە ساڵی ١٢٩٦ی هەتاوی لە گەڕەکی چەنانی شاری کرماشان لەدایک بوو. بە هۆی تووشبوونی بە نەخۆشی ئاوڵە، لە تەمەنی چوارده ساڵان هەر دوو چاوی لە دەست دا. لە تەمەنی مناڵیدا، باوک و دایکی کۆچی دواییان کرد و ڕەنگبێ هەر لەو سۆنگەیەشەوە لە نیعمەتی خوێندن بێبەش بوو، و بۆ بژیوی ژیانی خۆی ناچار بە کاری دەستگێڕی و "وردەواڵە فرۆشی" بوو، بەڵام ودەستی بۆ هیچ کەسێک پان نەکرد.

شامی لە هەڕەتی لاوەتیدا کەوتە ژێر کاریگەریی شێعری شاعیرانی کلاسیکی فارس لەو سەردەمەدا و خولیای شێعرنووسینی لا دروس بوو، بەڵام ئەو بە زمانی دایکیی خۆی شێعری نووسی.

شێعرەکانی شامی سادەن، بەڵام هەڵگری پەیام و نێوەڕۆکی بەرزی ئینسانینن. شاعیر لە شێعرەکانیدا پەنجەی خستووەتە سەر دیاردە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی وڵات و بەرگری لە خەڵکی هەژار و چینی بێبەشی کۆمەڵگە کردوە. شامی بۆ هۆنینەوەی شێعرەکانی، زۆر بەجوانی کەڵکی لە وشە، زاراوە و پەندی کوردی وەرگرتوە.

شامی شاعیری شێعری عەرووزییە و لە دەربڕینی شێعریدا زۆر هونەرمەندانە مامەڵەی لە گەڵ فۆرم و پێکهاتەی شێعریدا کردوە.



سەرچاوە
Serchawe

شێعرەکانی شامی کرماشانی، لە کتێبێکدا لەژێر ناوی "چەپکەگوڵ" لە لایەن ماجد مەردۆخ ڕۆحانییەوە چاپ و بڵاو کرایەوە. مامۆستا هەژار پێشەکیی بۆ دیوانی چەپکەگوڵ نووسیوە و بەم جۆرە باس لە کاریگەریی شێعری شامی دەکات: "کۆمەڵە شێعری شامی، کوردی کرماشانیم خوێندەوە. دەگەڵ هەر شێعرێکیدا بزەم دەهاتە سەر لێوان و کزەم لە جەرگەوە دەهات. زەردەخەنەم دیت، بە سەر گریان هەڵکێشراوە. خەم و مەینەت، بە بێژەنگی گەپ و گاڵتە دابێژراوە. هەناسەی سارد، لە دڵێکی گەرم و بە کوڵ هاتۆتە دەر."

شامی کرماشانی ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی ماڵاوایی لە ژیان کرد.

شامی لە شێعری "وڵم کە" پەرێشانی و ناڕەزایەتیی خۆی لە ژیانی پڕ لە ڕەنج و نایەکسانی کۆمەڵگە وێنا دەکات. شاعیر لەم هەڵبەستەدا بە دوای دەرمانی دەردەکانیدا دەگەڕێ و دەڵێ:

"پەریشانم پەریشانم، وڵم کە!
دوچار دەرد پەنهانم، وڵم کە!
وەدەردم ئاشنا کردی نەکردی
ستەمگەر فکر دەرمانم، وڵم کە"

شامی، هاوکات قەبوڵیشی دەکات کە چەپگەردی گەردوون تا سەر بە کامی دڵی هیچ کەس نابێت و پێی وایە مرۆڤ بۆ ئەوە خوڵقاوە لەگەڵ سەختییەکانی ژیان دەستوپەنجە نەرم بکات و دەڵێ:

"وە کام کەس نیەگەردد چەرخ تا سەر
نە دەرویشم نە سوڵتانم، وڵم کە!
وە واوەیلای دڵ هەر شەو ڕەوانە
سرشک غەم وە دامانم، وڵم کە"!

ئەوەی شامی وەک شاعیرێکی ناسک خەیاڵ و ڕۆشندڵ لە گەڵ دەرد و ڕەنج ئاشنا دەکا، ئەو دیاردە سیاسی و کۆمەڵایەتییانەن کە بوونەتە هۆکاری جیاوازیی چینایەتی و چینی بەشمەینەتی کۆمەڵگەیان لە هەموو خۆشییەکانی ژیان بێبەش کردوون.

بەتایبەت شامی لە شێعری "وڵم کە"دا باس لە بێبەزیی مرۆڤەکان و مردنی شەرەف و ویژدان لەلای کەسانی باڵادەست، چاوچنۆک و بەرژەوەندیخواز دەکات و دەڵێ:

"وە ئەرواح شەرەف سەوگەند کە دایم
مەلوول مەرگ وجدانم، وڵم کە!
شەرەف کوشیاد و وجدان جوانەمەرگ بی
وە بێ وجدانی حەیرانم، وڵم کە"!

شامی لە شێعری "ڕوین نەواتی"دا ڕەخنە لە حکومەتی پاشایەتیی ئەووەختی ئێران دەگرێت کە لە باتی ئەوەی گرنگی بە بەروبوومی خۆماڵی و خەڵکی جوتیار و هەژار بدا، ڕۆنی ئەمریکایی هاوردەی وڵات دەکرد و بە قیمەتێکی گران بە خەڵکی دەفرۆشت. شامی لە زۆربەی شێعرەکانیدا قسە لەگەڵ خەڵک دەکا و بە وشەی "خەڵک" دەست پێ دەکات و دەیەوێ خەڵکی بەشمەینەت لە نەهامەتی و نایەکسانییەکانی کۆمەڵگە وشیار بکاتەوە.

وەک ئەوەی کە دەڵێ:

"مەردم باینە دیار ئەی بەدبەختیە
ڕون خاترجەم وەی شار نییە
پەتوو فروتم، مەوج نامە گرەو
ئەڕا خەرج و بەرج عەید ساڵ نەو"

شامی لە نێو خەڵک زۆرتر بە شێعری "کرانشینی" ناوبانگی دەرکردوە. وەک چۆن ژیانی دەربەدەری و دوورەوڵاتی بوو بە هەوێنی "ناڵەی جودایی"ی مامۆستا هێمن، ژیانی کرێچییەتیی "شامی"یش لە کاروانسەرای کرماشان، بوو بە هۆی ئەوەی شێعری "کرانشینی"ی ئەم شاعیرە لەدایک بێت و ناوبانگ دەربکات.

شاعیر لە شێعری کرانشینیدا باس لە بێسەرپەنایی خەڵکی هەژار و گرانیی کرێی ماڵ دەکات و زۆر بە جوانی پەردە لە سەر بێدەرەتانیی ژیانی خەڵک هەڵدەداتەوە و دەڵێ:

"بەندە یەی نەفەر کرانشینم
چو عەزیرمردێ دایم غەمینم
نە خارج مەزەب نە جوداس دینم
ئەر دوعات گیراس، بکەر نفرینم
شایەد لەی دونیا دیتر نەمینم
ڕاحەت بووم لە دەس کرانشینی

چە بکەم لە دەس کرانشینی؟
داد وە هەرکەس بەم حەقم نیەسینی؟"

شێعرەکانی شامی بە گشتی ئاوێنەی دەرد و ژانی خەڵک بوون.

ئەو یەکەم شاعیری شێعری تەنز و تەشەر بووە لە کرماشان و زۆرتر بە زمانی تەنز پەردە لە سەر دەرد و ژانی خەڵک هەڵدەداتەوە و دەڵێ:

"بازووم وە غوسە بیەسە باڵ سەگ
ئیقباڵم پەستر وە ئیقباڵ سەگ
هاتم وەی دونیا من وە ساڵ سەگ
هەر شەو نیەخەفم من وە قاڵ سەگ
نسف شەو ئویشم: خوەش وە حاڵ سەگ
نەکراماڵ دەێد، نە پاڵتاو سینی
چە بکەم وە دەس کرانشینی؟
داد وە هەرکەس بەم حەقم نیەسینی"

شامی وەک شاعیرێکی بەشخوراو داوای مافی خۆی و خەڵکانی هاوشێوەی خۆی دەکات، بەڵام بێبەزەیی و چاوچنۆکیی چینی بەرژەوەندیخوازی کۆمەڵگە وا لە شامی دەکات کوڵی دڵی خۆی بە زمانی شێعر هەڵڕێژێ و دیاردە دزێوەکانی نێو کۆمەڵگە دەسنیشان بکات. شاعیر، تەنانەت لەو ڕۆژە دەترسێت، بمرێت و کرێ‌ماڵەکەی بەلاوە بمێنی، ئەوکات خاوەنماڵ بێتە سەر مەزارەکەی و داوای کرێماڵی لێ بکات.

وەک ئەوەی کە دەڵێ:

"سەرمانگ وە مانگ بایدە دیارم
وە بیل هەڵکەنی سەنگ مەزارم
بکەی شکەنجە و زەجر و ئازارم
بوشی کرا دەیت یا پاسبان بارم ؟
منیش لە ئەڵحەد سەرم دەرارم
داد بکەم: هاوار، کەفەن کی سینی؟
چە بکەم لە دەس کرانشینی؟

داد وە هەرکەس بەم، حەقم نیەسینی"

شامی، هەروەها لە شێعری "کرانشینی"دا ئاماژە بەوە دەکا کە لە زێد و شاری خۆی ئاوارەیە و بستێک خاک شک نابات لە سەری بە ئاسوودەیی بژیت.

زوڵمی خاوەنماڵ و بێدەنگیی خەڵک لە بەرانبەری نایەکسانیی کۆمەڵایەتی وا لە شامی دەکا لە دوایین دێڕەکانی شێعری "کرانشینی"دا بە دەنگی بەرز هاوار بکات و بڵێ:

"چو سەگ وڵگەرد دەروەدەر وەخوەم
شەو تا سوب نەخەف، ڕەنج بێوەر وەخوەم
دڵگیر وە دونیای دونپەروەر وەخوەم
لە دەس ساحیوماڵ خوین جگەر وەخوەم
مشتی خاک نەیرم، خاک وەسەر وەخوەم
لە زیندەی ئایەم بێ خەوەر وەخوەم
نیەزانم "شامی" دی تا کەی مینی؟
چە بکەم لە دەس کرانشینی؟
داد وەهەرکەس بەم، حەقم نیەسینی"

شامی هەر لە شێعری کرانشینیدا ئاماژە بە دەردی هاوبەشی پێکهاتە جیاوازەکانی ناو شاری کرماشان دەکا و بەشمەینەتیی ئەوانیش بە هی خۆی دەزانێ و دەڵێ:

"بیمەسە موونس چەن گروو بەشەر
لوڕ لە لوڕستان کورد لە دینەوەر
سنەیی و پاوەیی، جاف و کەمانگەر
کورد و لوڕ و فارس، تورک قەزوینی
چە بکەم لە دەس کرانشینی؟
داد وە هەرکەس بەم، حەقم نیەسینی"

شامی، هەر بە زمانی تەنز و تەشەر ڕەخنە لە دەسڵاتی سیاسی، مەسەلەی گرانی و بارۆدۆخی ئەو زەمانە دەگرێ و لە شێعرێکدا بە ناوی "داد مللەت" ڕوو بە دوکتور موسەدق، سەرۆک وەزیرانی ئەو کاتی ئێران دەڵێ:

"نیمی لە مللەت دوچار دەردن

**لە سوب تا غوروب بێکار مەگەردن**
**وە گورسنەیی وێنەی زەعفەران زەردن**
**مەرد موبارز مەیدان نەبەردن**
**زەڕ ئەڕای ئیوە و شەڕ ئەڕای ئیمەس؟**
**دوکتۆر موسەدق تەکلیفمان چەس؟"**

**شامیی کرماشانی، شاعیری چینی هەژار و بەشخوراوی کۆمەڵگە بوو. شێعرەکانی شامی پڕن لە هەڵوێستی بەرزی ئینسانی و هەر ئەو هەڵوێستانەی بوونە هۆی نەمری و هەرمانی ناو و شێعری ئەم شاعیرە ڕۆشندڵەی کورد.**


**خۆشەویستیی شامی بۆ زمانی دایکیی و نووسینی شێعر بەو زمانە، تا ڕادەیەک بوو بە هەوێنی خەمخۆرانی زمانی کوردی لە کرماشان و ئێستاش زۆرێک لە نووسەران و شاعیرانی باشووری خۆرهەڵاتی کوردستان، بۆ زیندووڕاگرتنی زمان و فەرهەنگی کوردی، ڕچەی "شامی"یان گرتوە و جوانترین بەرهەمی ئەدەبیی خۆیان بە زمانی کوردی پێشکەش بە گەلەکەیان دەکەن.**

**٤ی سەرماوەزی ٢٧٢٣**



سەرچاوە
Serchawe

## درێژەی پیاسەیەک لەگەڵ شێعرەکانی سەعید عبادەتیان "بانان



سەعید عبادەتیان ناسراو بە "بانان"، ساڵی ١٣٤٢ی هەتاوی لە ناوچەی گیەلان سەر بە پارێزگای کرماشان لە بنەماڵەیەکی ئەدەبدۆست لە دایک بوو. لە سەردەمی منداڵییدا لە ڕێگای باوکیەوە لەگەڵ ئەفسانە، مەتەڵ، ئەدەبیاتی فۆلکلۆر و شێعرەکانی شاکە و خانمەسوور، شیرین و فەرهاد و لەیلی و مەجنوون ئاشنا دەبێت. ئەدەبیاتی زارەکی و مۆسیقا و ئاوازە ڕەسەنەکانی ناوچەکەی، خولیای هۆنینەوەی هەڵبەست لای بانان دروست دەکەن و زەمینە بۆ ئەم شاعیرە خۆش دەکەن تا بێتە نێو دونیای شێعر و شاعیرییەوە.

بانان، بە دوو شێوازی کلاسیک و ئازاد شێعر دەنووسێت. لە کۆبەرهەمە شێعرییەکانی بانان دەتوانین ئاماژە بکەین بە: "هەر لەلام بویت گومت کردم"، "ساڵەیل لە کیس چی"، "مەیلەم وەجێ"، "داخ دەوران"، "وا درو کەن دەسەیلم" و "ئەوریشم زامەگان."

شاعیر و نووسەری گەورەی ئیسپانیایی فیدریکۆ کارسیا لۆرکا، کاریگەریی زۆری لە سەر بانان داناوە. پێوەندیی قووڵی سروشت و مرۆڤ، خاڵی هاوبەشی نێوان ئەم دوو شاعیرەیە. بانان لە بەر خۆشەویستی و هۆگری بە لۆرکا، کۆمەڵێک لە شێعرەکانی ئەم شاعیرە مەزنەی لەژێر ناوی "تەنیا داخە کە ئاخ کیشی" وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و بە دەنگی خۆی بڵاوی کردوونەتەوە.

سەعید عبادەتیان، یەکێک لە پێشەنگانی شێعری هاوچەرخی کوردی دەیەی هەفتای هەتاوی لە باشووری خۆرهەڵاتی کوردستانە و توانیویە ئاڵوگۆڕێکی گەورە لە شێعری هاوچەرخی کوردی لە کرماشان و ئیلام پێک بێنێت. بانان بە ڕوانگەیەکی مرۆڤدۆستی و ژینگەدۆستییەوە مامەڵە لە گەڵ دونیای شێعر دەکات.

بانان بۆ خۆی دەڵێ: "من زادەی شێعرم. لەنێو شێعر و لە بیرچوونەوەدا نازانم ملوانکەی گەردەنی کام پەریزادەم دزیوە کە وا سزای کۆچیان بە سەردا سەپاندووم". ئەو پێی وایە وڵاتەکەی بە زمانەکەیەوە وڵاتی ئەوە و دەبێژێ: "وڵاتی من زمانی منە، وڵاتێک کە ئاوێتەی دەرد و شادیمە."

**شاعیر، باس لە ژان، دڵتەنگی و وەیلانیی مرۆڤەکان دەکات و خوازیارە بۆ دەربازبوون لە تاڵی و سەختییەکانی ژیان، دەستی یارمەتی بۆ یەکتر درێژ بکەین و دەڵێ:**

"ئیمە دڵتەنگەیل هاولف ژانیم
بێ ماڵ بێ ماتۆڵ وێڵ و وەیلانیم
هەرکەس دەراری ئیمە لەی خەمە
هەزار جار بۆمن وەنەزری کەمە"

لە نێوان سروشت و شێعری باناندا پەیوەندییەکی توندوتۆڵ و دانەبڕاو هەیە. بانان بۆخۆی لە وتوێژێکدا باس لە مژاری سروشت لە شێعرەکانی خۆیدا دەکات و دەڵێت: "پێوەندیی من لەگەڵ سروشت هەر ئەو شتەیە کە لە شێعرەکانمدا خۆیان دەنوێنن. سروشت بۆ من بوونەوەرێکی زیندووە کە هەموو ڕۆژێک لە گەڵی دەژیم. شوێنێکە کە بەردەوام ئارامیم پێ دەبەخشێت."

**شاعیر، لە نێو دڵی سروشت لە ونبووەکەی خۆی دەگەڕێت و دەڵێ:**

"چیمە. چیمە
تا وڵات سەوز گیا
تا خوڕەی ئرمێس شەونم
تا میوانی شەو و شەوبوو
تا ڕەوەن پڕ لە پێچ
زنەی لە جوو
تا ناوین دڵ و خەیاڵ

تا باڵ بەرز وای شەماڵ"

بانان، پێیٚ وایە زمانی دایکی ناسنامەی سەرەکیی هەر نەتەوەیەکە و نابێت تەنیا وەک موڵک مامەڵەی لە گەڵ بکریٚ، بەڵکوو دەبێت ئینسان وەک گۆشت، ئێسقان و پێستی خۆی ئەم زمانەی خۆش بوێت و بیپارێزێت.

وەک ئەوەی کە دەڵیٚ:

"کی وەتیە م چارە ڕەشم
لە نیشتمانم بێبەشم
هەرچەن لە ملٔک خوەم لایەم
زوان خوەم لە دەس نایەم
زوان من ناموسمە
گووشت و سقان و پووسمە"
زوان م ژیانمە
بیر و باوەڕ و گیانمە"

بانان، جاریکی دیکە جەخت لە سەر گرنگیی زمانی دایکیی خۆی دەکاتەوە و ئامادەیە باجی زمانەکەی بدات و دەڵیٚ:

"هزار قەیران بای دەتۆشم
هەر کوردم و کوردی تۆشم"

شاعیر، ئەوەندە زمانی دایکیی خۆی لای خۆشەویستە، پێی وایە قسەکردن بە زمانی دایکی، جوانی دەبەخشێتە مرۆڤ و دەڵیٚ:

"گوڵ شەرم دیٚریٚ لە لاد بوود ئەقەر شێوەد شیرینە
هەنای کوردی قسیە کەی لیٚود بێشتر ڕەنگینە"

بانان، بۆ زیندووڕاگرتنی زمان و شوناسی نەتەوەییی خۆی ڕەنج دەکێشی و بە دەربڕینی وشەی جوان و داهێنانی هونەری بە زمانی دایکیی، بوونی خۆی دەسەلمێنێت و دەڵیٚ:

"تەرم شەرم دەوران کیشم

سووز بەرد و بەوران کیشم
یانە گیشتێ وە گیان کیشم
ئەوە ونەی دەنگ کییە ؟
ئویشێ ک ت ەۋچد نییە"

شاعیر، شەو و ڕۆژ بێئۆقرەیە و دەرد و ژانی ژیان لێناگەڕێ تاوێک ئاسوودە بنوێ، بۆیە دەڵێ:

"لە ژێر باڵ چەرخ کەو، ساتێ وە خوەش نەخەفتمە
لە وەیشت دەرد و ژان شەو، ساتێ وە خوەش نەخەفتمە"

نەورۆز، لە شێعری باناندا تەنیا بە واتای نوێبوونەوەی ساڵ و هاتنی بەهار نییە، بەڵکوو ڕەمز و هێمای ڕزگاری و ئازادییە، بۆیە دەڵێ:

"لە نەغمەێ بوڵبۆڵ سەیرە و قەناری
نەورووز گوڵ هەڵدا ئالای ڕزگاری"

بانان، بە تێگەیشتنی قووڵی لە کولتووری زاگرۆس، ئاگر وەک سەرچاوەی پاکی و ڕووناکی ژیان پێناسە دەکات و دەڵێ:

"دۋەت ساڵەیل هەوری وا کە ئاگر زڵفد
لە ئایین ئەهوورا ئاگر پرچێ ڕەنگینە
ئاگر خارەتگەرەیل پرچ سزنێد و پەرچەم
تەنیا لەی نیشتمانە ئاگر نیشان ژینە"

ئەو کاتەی ناسامانی و دیاردەی کۆچکردن لە وڵات دەست پێ دەکات، شاعیر هەست بە تەنیاییی خۆی و میلکانی دەکات و ناخوازێ وڵات چۆڵ بێت، بۆیە دەڵێ:

"لەی ملکە نەمەن بەرێ وە باخەو
مەلان کووچ کردن گەل گەل وە داخەو
مەچوو لە داخد دڵ تەرف تۋنم
چۋ کەپوو وەیلان ڕۋ سەرزەمینم"

بانان، وەک شاعیرێکی ناسک خەیاڵ پێی وایە خەندەی یار هیچ کەمتر نییە لە خونچەی گوڵی بەهار و شەوقی مانگ و ئەستێرەکان و دەڵێ:

"لە جای گوڵ وەهارەگان ت بخەن
لە جای مانگ و هسارەگان ت بخەن
لە جای تمام داوڵەیل م گیرم
لە جای دەم ئنارەگان ت بخەن"

بانان، لەو بڕوایەدایە داهێنانی بەرزی هونەری بەرهەمی ڕەنج و سووتانی مرۆڤە بۆ ئەو شتەی مەبەستیەتی و بەوپەڕی ئەویندارییەوە مامەڵەی لە گەڵ دەکات، بۆیە دەڵێ:

"هونەر ئنسان
لە هجران و سزیانە ک
پەلوەچ کیشێد و
سەمەر دەید"!

بانان، هەروەها پێی وایە مرۆڤەکان لە ئەنجامی هونەردا دەتوانن بوونی خۆیان وەک نەتەوە بسەلمێنن و لە پێناوی پێکەوەژیان سنوورەکانی نێوانیان هەڵگرن و دەڵێ:

"بێگومان
تەنیا هونەرە ک
وشەگان نەتەوایەتی
ڕز ڕز چنێد و
سنوور وڵاتەیل شکنێد"!

بانان، بە پێچەوانەی زۆرێک لە شاعیرەکان کە پێیان باشە لە چۆڵەوانی یان بەرزایی شاخەکان و بە بێ دەنگی بمرن، دەخوازێت تا دوایین ساتەکانی ژیانی لە پێش چاوی خەڵکەکەی بێت و شێوە و چۆنیەتیی مردنەکەشی لە کەس شاراوە نەبێت،

وەک ئەوەی کە دەڵێ:

"حەز نیەکەم
لە سەر شاخ بەرزێ بمرم
یا لە چڕی دارسانێ ؛
حەز کەم
لە وەر چەو بمرم
لە خیاوان یا مەیدانێ،
بیلا مەرگم ئاشکەرا بوو
بیلا عالەم گێشت بزانێ"!

شاعیر، لە گەڵ دڵدارەکەی دەکەوێتە قسە و پێی دەڵێ: ئەگەر تۆ بێی بۆ لام، بەرد لە هیجرانی هاتنت نەرم دەبێت و فرمێسک دەڕێژێ، بۆیە دەڵێت:

"کی ئۆشی: سان دلێ سەختە؟!
هە نای ت تیەید
کەتیبەی لاڵ تاقوەسان
زوان وا کەی
وە لە چەوەیل سەخت سان
ئرمێس رشێ"

بانان، خۆی وەک شاعیرێک کە ساڵانێکە زمانەکەی لە بیر کراوە و لە نێوان مەرگ و ژیاندا قەراری گرتووە، دێتە دەنگ و دەڵێ:

"هەنای
هسارەی ئاوا بوو
یەکێگ مرێ،
وە هەنای هسارەی هەڵاێ
یەکێگ زای،
وە ئەو هسارە ک لە دۆر دۆر،
گاجار مرێد و

گاجار ترۆسکە بێ نزێ دێرێ
ئەوە منم
نە مردمە،
نە زینێیم"!

بانان، پەیوەندییەکی تەواو ڕۆحیی لە گەڵ مۆسیقا بە تـایبەت سـازی تەمبووری یارسـاندا هەیە و لە شێعری "سـەرتەرز"دا باس لە کاریگەری و دونیای پڕ لە ڕازی ئەم سازە دەکات و پێی وایە ئەم نەوا سیحراوی و ئاسمانییە بە ڕادەیەک کـاریگەرە کە دەتوانێ ڕازی نێوان خودا و بەندەکانی ئاشکرا بکات.

وەک ئەوەی کە دەڵێ:

"وەڕاسی ئایەم تویەنی
خوەی وە سیمەگان تەمۆرە ئاوێزان بکەی
وە باڵ بگرێ تا کەشکەشان
وە پەردەی ماوین خوەی و خودا لاوەی"

شاعیر، هەروەها پێی وایە جەستەی مرۆڤ زیندانیی ئەزرەتەکانیەتی و تەنیا سازە دەتوانێ مەلی ڕۆح لە زیندانی تەنگ و تاریکی جەستە ڕزگار بکات و دەڵێ:

"دەنگ ساز
پەرواز رووح باڵندەی بێتاقەتە
لە قوڵاخ تەنگ جەسە
جەسە زندان ئەزرەتەگان"

بـانـان، بـاوەڕی وایە مـرۆڤ دەبـێ لە پێنـاوی ژیانـدا بەرخـۆدان و تێکۆشـان بکـات و لە ئەنجـامی تێکۆشـانی بەردەوام ژیـان سەمەر دەدات،

بۆیە دەڵێ:

ژیان، یانی سزیان و پاوەگەزدان


**وە دواره لە خوڵەکەوان**
**سەوز کردن و پەلوەچکیشان"**

**شاعیری نوێخواز، سەعید عبادەتیان (بانان)، لە دەیەی حەفتای هەتاویدا زۆرترین چالاکیی لە شێعری کوردیی خواروودا نواندوە و بە یەکێک لە دیارترین پێشەنگانی شێعری کوردی لەو دەڤەرە دەناسرێت. شێعری بانان بە ڕادەیەک ڕەوان و پاراوە، لە گەڵ خوێندنەوەی، خوێنەر پەلکێش دەکا و دەیکاتە ئەویندارى هەمیشەیی خۆی. بە تایبەت ئەم شاعیرە، زۆرتر ئیلهام لە سروشتی جوانی زاگرۆس وەردەگرێت و دەیکاتە هەوێنی شێعرەکانی خۆی. بانان، هەروەها شارەزاییەکی باشی لە ئەدەبیاتی فۆلکلۆری ناوچەکانی ئیلام و کرماشان هەیە، لە گەڵیان گەورە بووە و تێکهەڵکێشی شێعرەکانی دەکات. ئەم شاعیرە، بەرهەمە شێعرییەکانی لە هەردووک فۆڕمی کلاسیک و نوێدا زۆر جێگای سەرنجن و بە یەکێک لە سامانە گرینگەکانی شێعری کوردیی خواروو دەناسرێت.**

**١ی بەفرانباری ٢٠٢٣**

---

# ئاوڕدانەوەیەک لە دنیای شێعرەکانی عەلی ئولفەتی



شاعیری نوێخواز، عەلی ئولفەتی، ساڵی ١٣٥٦ی هەتاوی لە ناوچەی "سەرپێڵزەهاو"ی سەر بە پارێزگای کرماشان لەدایک بووە. ئولفەتی، بە دوو زمانی کوردی و فارسی دەنووسێت و جیا لە بواری شێعر، لە بواری ڕەخنەی شێعریشدا چالاکە و یەکێکە لە شاعیرە ڕچەشکێن و کاریگەرەکان لە شێعری کوردیی خواروو (باشووریدا). ئەو هەروەها یەکێکە لە پێشەنگەکانی پرۆسەی ئەدەبیی دەیەی حەفتای هەتاوی لە کرماشان.

عەلی ئولفەتی، خاوەنی چەندین کۆمەڵە شێعری کوردییە لە فۆڕمی کلاسیک و ئازاددا. شێعرەکانی عەلی ئولفەتی کاریگەریی بەرچاویان هەیە لەسەر مۆسیقای کوردی و تا ئێستا زۆرێک لە هونەرمەندانی ناسراوی کورد، شێعرەکانی ئەم شاعیرەیان ئاوێتەی دەنگ و ئاوازی خۆیان کردوە.

**کۆمەڵێک لە بەرهەمە کوردییەکانی بریتین لە: "گەرمەشین، خۆڵەمێشی، سانەناو، گیان، سزیان وەفر، گەرمیان، لە چیمنەڕێیەو و سرویت باشوور."**

کاتێک باس لە ئەدەبیاتی هاوچەرخ و مودێرنی کوردیی خواروو (باشووری) دەکرێت، ناو و ناوبانگی شێعرەکانی عەلی ئولفەتی وەک شاعیرێکی نوێخواز دێتە سەر زمان. ئەم شاعیرە دیارەی گۆڕەپانی شیعر و ئەدەبی کرماشان، بەپێچەوانەی

شاعیرانی پێش خۆی، کارە ئەدەبییەکانی جیاوازن و خاوەنی دەنگ و سەبکی شێعریی تایبەت بە خۆیەتی. وشە و وێنەی شێعرەکانی ئەم شاعیرە بە ڕادەیەک جوان و ڕەوانن، خوێنەر حەز دەکات بەردەوام شێعرێکی تازە لەم شاعیرە بخوێنێتەوە.

لە ڕوانگەی ئەم شاعیرەوە، ئەدەبیات ئەرکێکی ئینسانییە و دەبێ لە خزمەتی خەڵکدا بێت بۆ ئەوەی خەڵک لەم ڕێگەیەوە ئەوینداری زمانی دایکیی خۆیان بن. ئاخر کێ هەیە وەک ئەو هەست بە تواندنەوەی زمانی دایکیی خۆی بکات، ئەوەیش لە گەورەشارێکی کوردستان وەک کرماشان کە ڕۆژگارێک مەڵبەند و لانکەی فەرهەنگ، شارستانییەت، ئایین، ئەدەبیات و مۆسیقای کوردی بووە.

ئولفەتی بەباشی و لە نیزیکەوە هەستی بە مەترسیی لەنێوچوونی زمانی دایکیی لە میلکانی خۆی دەکات، بەتایبەت کاتێک لە خوێندنگە ڕێگە نادرێت بە زمانی دایکیی خۆی بخوێنی و بە زمانێک جیا لە زمانی خۆی پەروەردە دەبینێت،

**هەر بۆیە لە شێعری "مەدرەسە"دا دێتە دەنگ و دەڵێ:**

**"مەدرەسە یانێ:**
**فاتاخوەنی زوان کوردی**
**تا دەسم چوو گرد**
**وەچوو دان لەناو دەسەیلم**
**ئێکەش**
**داڵگم بو وە "مادر" و**
**باوگم بو وە "بابا"**

**شاعیر، ناچێتە ژێر باری سیاسەتی ئاسیمیلاسیۆنی زمانی و دەستبەرداری زمانی دایکی خۆی نابێت و دەیەوێ لە مەترسیی مردن و لەنێوچوون ڕزگاری بکات و دەڵێ:**

**"فرە لە شونێیا گەردیم**
**تا تەیران چیم و خوراسان و تەورێز**
**شەوانە**
**دەنگ قیژەی داڵگم تێد**
**لەناو کیف دڕیای مناڵییم**
**نیمەڕوان**

**دەنگ هاوار باوگم تێد**
**لە ناو مەخشەیل خەت خواردێیم"**

عەلی ئۆلفەتی، لە وتوێژێک لەگەڵ "دەنگی ئازادی"دا دەڵێ: شێعری کوردی نەوبەرانەی ژیانی منە. من هەر لە سەردەمی منداڵیدا هەست و ڕوانگەم لە پێوەندی لەگەڵ شێعر جیاواز بوو. من بەردەوام ئەو حەسرەتەم لە دڵدا بوو کە بۆچی بە زمانی دایکیی خۆم نەنووسم و ئەم زمانە چی بەسەر هاتوە .بەشێک لەو هەست و ئیحساسەم هەڵدەگەڕێتەوە بۆ سەر ژیانی ڕابردووم لە گوند و ئاشنایی و ئاوێتەبوونم لەگەڵ ئەدەبیاتی فۆلکلۆر."

شاعیر، وەک کەسێک کە زمانەکەی پشتگوێ خرابێت، باس لە بوونی زاراوەکەی خۆی لە مێژوودا دەکات و پێی‌وایە ئەگەر من و تۆ خەمی ئەم زاراوەیە نەخۆین دەمرێت و بۆ خۆمانیش هەتیو دەکەوین و دەکەوینە هەتیوخانە،

**بۆیە جارێکی دیکە لەمەڕ مەترسیی سەر زمانەکەی دێتە دەنگ و دەڵێ:**

**"زاراوەی قەدیمییگم**
**ک تەنیا ت وە پیمەو قسە کەید**
**ژیان و مەرگم ها تک زواندەو**
**ت زانید ئەگەر بمرید**
**منیش کل کەنە یەتیمخانەیگ؟!**
**یان ئەنستیتوو  زوانەیل مردێ**
**وەپیم قسیە بکە!**
**وە پیمەو قسیە بکە!**

ئـولفەتی لە ئەدەبیاتـدا حەزی لە ڕاسـتییە. وەک خـۆی دەڵـێ، لە بەر نامێهرەبـانی ڕووی لە ئەدەبیـات کـردوە و شـێعر بەتایبەتی و ئەدەبیات بەگشتی بە وڵاتی هزریی خۆی دەزانێت.

ئولفەتی لە گۆڕپانی شێعری هاوچەرخی فارسییشدا، شاعیرێکی دیارە، بەڵام ئەو بە بڵاوکردنەوەی کۆمەڵە شێعری کوردیی "گەرمەشین" توانی سەرنجی خوێنەرای کورد بۆ لای زاراوەی کوردیی خواروو (باشووری) ڕابکێشێ. شیعرەکانی نێو ئەم دیوانە بەشێوەی کلاسیک نووسراون. خوێنەر لەگەڵ خوێندنەوەی گەرمەشین بە خەیاڵ دەگەڕێتەوە بۆ ژیانی ڕابردووی کوردەواری و دیاردەی کـۆچ و کۆچبـاری لە سروشـتی سەرسـەوزی ئـێلاخ و گەرمەسێردا. کۆچەرییەکـانی وڵات ڕۆڵـی سـەرکییان هەیە لە خوڵقاندنی دیمەنە دڵڕفێنەکانی نێو گەرمەشین.


سەرچاوە Serchawe

شاعیر، سەرەڕای باوەڕی قووڵی بە نوێخوازی و پێشکەوتنەکانی دونیای ئەمڕۆ، حەسرەت بۆ ژیانی سادەی گەرمەسێر دەخوازێت و دەڵێ:

"م چەوەڕێ چراخ ماڵەیل گەرمەسێرم
چەن ساڵە چووڵ چووڵن کاڵەیل گەرمەسێرم"

ئولفەتی، جارێک لەگەڵ هەست و خەیاڵی شاعیرانەی خۆی بانگمان دەکات بۆ ژێر ڕەشماڵێک لە گەرمەسێر و دەڵێ:

"دەخیل سەردەوواگەێ ژێر دووارم ئمشەو
توام چ و ئەور تەنیا لەیرە بوارم ئمشەو"

شاعیر لە کۆمەڵە شیعری گەرمەشیندا لەگەڵ سروشت و دیمەنی سەرسەوزی وڵات قسە دەکات و مۆژدەی هاتینی بەهار و گەڕانەوەی کۆچەرییەکانی دەدات:

دالاهوو نەچووە و چ وەخت لە ەۆرد
ورە نازارەیل لەی خاکە دورد
بیلا وەهار بای کشتیان تیەنەو
گووش دەن وە ناڵە و کزەی تەم ورد

**ئولفەتی بۆخۆی دەڵێ:** گەرمەشین دیارییەکە بۆ ژنان و پیاوانی ئێڵ، بۆ خەم و شادییەکان، بۆ ڕابردوو و داهاتووم. بۆ داهاتوویەک کە زۆر سڵاوی لێ دەکەم. من ڕابردووم خۆش دەوێ، لەبەر ئەوەی تەواوکەری داهاتوومە.

ئولفەتی، کاتێک لە شێعرە کلاسیکەکانیدا وشە گەلی وەک "دووار، چێخ، نەوو، سڵتە، زوون، مێخەک و گوڵوەنی" بە کار دێنێ، مەبەستی شاعیر ئەوە نییە کە ئێمە لە سەردەمی ئێستادا لە کەرەستەی مۆدێرن کەڵک وەرنەگرین و بەشێوەی ڕابردوو ژیان بکەین، بەڵکوو شاعیر لە ڕێگای ئەم وشانەوە پێمان دەڵێ کە ئێمە لە مێژوودا خاوەنی زمان و میراتی فەرهەنگیی تایبەت بە خۆمان بووین کە ئێستا خەریکە لەبیر دەچنەوە.

ئولفەتی، لە شێعرەکانیدا لەلایەک دەردی دووری و خەمی هەڵوەرینی گوڵی باخی ژیان دەچێژێت و لەلایەکی دیکەوە، بەوە دڵخۆشە کە خاوەنی "باخی سەراوە" و خەزان نەیتوانیوە هەموو گەڵا و گوڵە جوانەکانی بێستوون و پەڕاو هەڵوەرێنی،

بۆیە دەڵێ:

دەرد بێستوون دوری پەڕاوە
منیش لە دووریت چەوم پڕ ئاوە
خەزان ڕزانیە گوڵەیل باخم
تەنیا دڵخوشیم باخ سەراوە

ئولفەتی، شاعیرێکی ڕەشبین نییە و لە دوای هەر لێکدابڕان و ونبوونێک هیوای بە یەکگرتنەوە و خۆشیی ژیانە، ئەویش لە ڕۆژێکی واتاداری وەک نەورۆز، بۆیە پێمان دەڵێ:

"دوارە هەم یەکەو گریم
لە ڕووژ گەورایک، وێنەی نەورووز
م سەرچووپی گردمە و سەرخوەشم
تەقیەیمە یەکەو
تماشای یەک کەیم و خەنیم
چیمن
وەل خەنینمانا
تەنیا مینیەیم و
تا ئاخر جەهان ژیەیم".

سەرچاوەی دونیای هەڵبەستی عەلی ئولفەتی، میلکانی ئەم شاعیرەیە. میلکانێک کە بەدرێژایی مێژوو چەندین پێکهاتەی ئایینی، زاراوەیی و کولتووریی لە خۆیدا کۆ کردووەتەوە. هەموو ئەم ڕەنگ و پێکهاتە جیاوازانە لە شێعری عەلی ئولفەتیدا ڕەنگیان داوەتەوە. سیاچەمانەی هەورامی، مووری لەکی، کەلام و دەنگی تەمبووری یارسان، هۆرە و ڕەوایەتی کەڵهوڕ و بەیتی کولیایی، دەستیان داوەتە دەستی یەک و دونیای شێعری ئەم شاعرەیان پێک هێناوە.

وەک ئەوەی کە دەڵێ:

"جافە نیەزانم یا لەکە، گوورانە یا سنجاویە؟
باڵای چنارە یا نەیە، کەێکووە یا چووتاویە؟
کەوکە، کەڵە یان ئاهووە؟ بەرزە چمان داڵاهووە

هەورامیە یا کەڵهوڕە نازار باخ شاهووە
تایفەس نیەزانم یا سونی، شیعەس، چمان ئەرمەنی؟
سڵتەس، زوونە، چووپیە، سەروێنە ها لای گوڵوەنی
وەی مێخەک ناو وەرقەوە، لەچک بەساس ئەیوانییە
وەی سەرزووانەوگردنە نازارەگەی چەنانییە"

یەکێک لە تایبەتمەندییە جوانەکانی فەزای شێعری ئەم شاعیرە، لایەنی ئاشتیخوازی و مرۆڤدۆستییەتی. شاعیر حاشا لە کوشتن و خوێنڕشن دەکات و پێیوایە مرۆڤەکان لە باتی ئەوەی پەنا بۆ توندوتیژی بەرن، باشترە دەستی یارمەتی بۆ یەکتر درێژ بکەن.

ئەو لەم بارەوە لە یەکێک لە هەڵبەستەکانیدا دەڵێ:

"تف لەو تفەنگە ک مردن لە دەمێ تفێد
تف لە دەسێ ک پڕ لە دەسمێەت نییە!؟"

شاعیر، سەرەڕای ئەوەی لە زۆر شێعریدا دەبێتە ڕاویی مەرگ و هەڵوەرین، دیسان پێشبینیی دواڕۆژێکی گەش دەکات و دەڵێ:

"دەس تەنیا ئەڕای شینکردن نییە
رووژێک تێد تا وەپێیان ئەنار بچنیمنەو؟

عەلی ئولفەتی، وەک شاعیرێکی نوێخواز و زمانپاراو لە زۆربەی شێعرەکانیدا وەفاداری و خۆشەویستیی خۆی بۆ ئەدەبیاتی فۆلکلۆر و شاعیرانی پێش خۆی پیشان دەدات و پاشخانی ئەدەبی کرماشان و ئیلام دەکاتە هەوێن و بنەوای شێعری خۆی و دەڵێ:

"ئەوسا وڵات ئیمە مانگەشەوەیل نور بو
ورد زوان ئیمە قسیەیل خان مەسور بو"

علی ئۆلفەتی، بە یەکێک لە داهێنەرانی ڕەوتی شێعری نوێی دەیەی حەفتای هەتاوی لە کرماشان و ئیلام دادەنردادەنرێ و دەورێکی باڵای گێڕاوە لە ڕەوتی نوێبوونەوەی شێعری کوردیی خواروو و خزمەت بە زمانی کوردی. لە شێعری ئەم شاعیرەدا پێویستی و کاریگەریی ئەدەبیاتی کوردی خواروو بەڕوونی دەردەکەوێت. ئولفەتی، سەرەڕای هۆگریی زۆری بە شێعری

شاعیرانی گەوەرەی کورد وەک "هێمن، عەبدوڵلا پەشێو و شێرکۆ بێکەس"، بەڵام خاوەنی ڕێچکە و فەزای شێعری تایبەت بە خۆیەتی و تابلۆ و دیمەنی شێعرەکانی زادەی خەیاڵ و زمانی خۆین. بزووتنەوەی ئەدەبیی کرماشان و ئیلام چەندە گەشە بکات و پێش بکەوێت، ڕۆڵی عەلی ئولفەتی وەک شاعیرێکی کوردیزان و قەڵەمڕەنگین لەم بزووتنەوەیەدا دیار و بەرچاو دەبێت.

٤ی ڕێبەندانی ٢٧٢٣

---

# نەورۆزی کوردەواری لە ئەدەبیاتی باوەڕیی یارساندا



دەستپێکی بەهاری هەموو ساڵێکی کوردی، هاوکاتە لەگەڵ کۆتایی سەرماوسۆڵە و وەرزی شادی و دڵخۆشی لە کوردستان. نەتەوەی کورد بەو بۆنەیەوە جەژن دەگێڕێ و نەورۆز وەک ڕۆژێکی واتادار پیرۆز دەکات.

نەورۆز، جیا لە گەلی کورد، گشت گەلانی ئاریایی بە هی خۆیانی دەزانن و شانازیی پێوە دەکەن. کوردان لە نەورۆزدا، لە سروشتی سەرسەوزی کوردستان گەشت و سەیران دەکەن و بە هەڵکردنی ئاگر لەسەر چیا سەربەرزەکان، ڕێز لەو ڕۆژە دەگرن. بەو جۆرەی مێژوونووسان باسی لێوە دەکەن، نەورۆز هەر لە کۆنەوە لە زەنجیرە چیاکانی زاگرۆس و ئارارات و دەشتاییەکانی دەوروبەریان لەلایەن کوردانەوە بە پیرۆز زاندراوە و بۆنەی بۆ گیراوە.

لەبارەی چۆنیەتیی سەرهەڵدانی چیرۆک و ئەفسانەی نەورۆز گەلێک لێکۆڵینەوەی مێژوویی و کولتووری وەک: ڕێوایەتی ئەفسانەی کەیومەرس و جەمشید و کاوەی ئاسنگەر و زوحاک گوتراون و باس کراون. بەڵام گەلێک لە مێژوونووسان نەورۆز دەگەڕێننەوە بۆ یەکەم ڕۆژی دۆزینەوەی ئاگر لەلایەن مرۆڤەوە. واتە نەورۆز جەژنی دۆزینەوەی ئاگر بووە، بۆیە وەک ڕۆژێکی نوێ لە ژیانی مرۆڤایەتیدا جەژنی بۆ دەگێڕن. یان وەک ئەوەی لە ئەفسانەی نەورۆزدا هاتووە، کاوەی ئاسنگەر، کەسایەتیی ئەفسانەیی، زوحاکی زاڵمی کوشتوە و کۆمەڵگەی لە چەوساندنەوە ڕزگار کردوە، هەر بۆیە گەلانی مافخواز و

ئازادیخواز، ئەم ڕۆژەیان بەلاوە گرینگە و هەموو ساڵێک یادی لێ دەکەبەوە.

بزووتنەوەی دادخوازیی کاوەی ئاسنگەر دژ بە زوڵم و ستەمی زوحاک، هەرچەند لە "شانامەی فەردەوسی"دا وەک ئۆستوورە ڕێوایەت کراوە، بەڵام دواتر لە لایەن بەشێکی بەرچاو لە توێژەرانی کورد و ئێرانییەوە، وەک بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی لێکدانەوەی بۆ کراوە. توێژەرانی ئەم بوارە پێییان وایە، بزووتنەوەی کاوە بە پشتیوانیی پیشەوەران و پیشەسازان ڕاپەڕیوە و تاج و تەختی زوحاکی لەنێو بردوە و کەسێکی مافخوازی وەک فەرەیدوونی لە شوێنەکەی داناوە.

**بەڵام ڕێوایەتی جەژنی نەورۆز، تا ڕادەیەک لە ئەدەبیاتی باوەڕیی یارسان و شانامەی گۆراندا جیاوازە و یارسانییەکان لێکدانەوەی خۆیان بۆ ئەم جەژنە کولتووریی و مێژووییە هەیە.**

خودی ئاگر لە ئایینی یاریدا هێمایەکی پیرۆزە. لەم ئایینەدا، ئاگر سەرچاوەی ڕووناکی، گەرمی و پاکییە و وەک دیاردەیەکی واتادار چاوی لێ دەکەن. یارسانییەکان جیا لە ئەفسانەی کاوە و زوحاک، پێیان وایە لەو ڕۆژەدا، قارەمانێکی کورد بە ناوی فەرەیدوون نیشتووتە سەر تەختی دەسەڵات.

**لەم بارەوە یەکێک لە چاودارانی یارسان بە ناوی "شا ئیراهیم "لە بارەی جەمشید و فەرەیدوون و زوحاک دەڵێ:**

**ئیبراهیم هەمدەست، ئیبراهیم هەمدەست**
**چەنی یادگار هەردوو بیم هەمدەست**
**کاکەم یادگار نە ڕووی تەخت نشەست**
**جەمشید بییانی جەم جەهان بەست**
**ئەز فەرەیدوون بیم، گاو سەر وەدەست**
**سلسلەی سپای زەحاک دام شکەست**

واتە من، ئیبراهیم لەگەڵ یادگار بووینە هاوکار. کاکە یادگارم هاتە سەر تەختی جەمشید و کۆبوونەوەی جیهانی گرێ دا. من فەرەیدوون بووم، گاوی خودای باڵادەست، من زەنجیرەی سوپای زوحاکم تێک شکان. بۆیە بەپێی کەلامی چاودارانی یاری، دەتوانین بەو ئەنجامە بگەین کە جەژنی نەورۆز لە کۆمەڵگەی یارسان جەژنێکی پیرۆز و واتادارە.

شاوەیس قولی مایدەشتی، یەکێکی دیکە لە کەسایەتییە دیارەکانی یارسان، کە لە ٨١٠ی کۆچیدا لەدایک بووە،

**لە کەلامێدا بەم جۆرە باس لە تێکشانی سوپای زوحاک لەسەر دەستی کوردان دەکات و دەڵێ:**

**ئەسڵ من جە کورد، ئەسڵ من جە کورد**
**بابۆم کوردەنان، ئەسڵ من جە کورد**
**من ئەو شێرەنان، چەنی دەستەی گورد**
**سیلسیلەی سوپای، زەحاکم کرد هورد**

واتە، ڕیشە و بنەچەم کوردە، باوکم کوردە، من ئەو شێرەم زەنجیری سوپای زوحاکم ورد کرد.

**فاررووق کرماشانی کە یەکێک بووە لە یارانی چلتەنی سەیدبراکەی گۆران، ئەویش بەم شێوەیە باس لە نەورۆز و گرینگی ئاگر لەم ڕۆژەدا دەکات و دەڵێ:**

**شمەی نەورۆزی**
**ئەی تازە گۆلان شمەی نەورۆزی**
**و ئامان ئامان وەدڵ ئەفرۆزی**
**شای چل چراغ چراغان سۆزی**

واتە بۆن و هەوای نەورۆز دێت، تازە گولانی مەست بە بۆنی نەورۆز، دڵخۆشن بە شای چل چرا کە هێمای نوور و پەروانەیە.

تویژەری یارسانی، نێعمەت زەحمەتکێش، بە ڕیوایەت لە دەقی ئایینی یاری و ئەدەبیاتی ئەفسانەیی گۆرانی، باس لە گرینگیی ئاگری نەورۆز دەکات و دەڵێت: "جارێکیان کەسێک بە ناوی هۆشەنگ شا، دەڕوات بۆ ڕاوی ئاژەڵ لە یەکێک لە شاخەکانی زاگرۆس، مارێک پەلاماری دەدات، ئەویش بە نەیزەی بەردین بەرگری لە خۆی دەکات، لەو دەمەدا نەیزەکەی بەر بەردێک دەکەوێت و جەرقەیەک دەکا و ئاگری لێ دەکەوێتەوە و پووش و پڵاشی ئەو ناوە ئاگر دەگرێت. هۆشەنگ شا، فەرمانی کردوە نەیەڵن کرێ ئاگرەکە خامۆش بێت، وردە وردە ئەو شوێنە بووەتە سەرچاوەی ئاگر و ئاتەشگە لە هەموو ناوچەکە".

وەک گوتمان، ئاگر سەرچاوەی گەرمیی و ڕووناکییە و ئێستاشی لەگەڵ بێت لای کوردان ئوجاخ گرینگی خۆی هەیە. زۆرجار لە گەورەکانی خۆمان بیستوومانە کە دەڵێن: ئوجاخ ماڵت خامۆش نەبێت، یان ئاو نەچێتە کوانووت. ئەم دەستەواژانە

گرینگی ئاگر لە فەرهەنگی دێرینی کورداندا پیشان دەدەن.

خۆر و ئاگر، وەک دوو هێما و سەرچاوەی ڕووناکی لە ئایینە کۆنەکانی زاگرۆسدا، شرۆڤە و لێکدانەوەی جیاوازیان بۆ کراوە و زۆر جار ئەم دو هێمایە لای خەڵکانی زاگرۆس بە پیرۆز زانیوە. لە ڕاستیدا، زاگرۆسییەکان خۆرپەرەست نەبوون، بەڵکوو خودایەکیان پەرستش کردوە کە خودای ڕووناکییە، ئەویش میترایە. ئایینی یاری، خاوەن ڕیشەی میتراییزمە. ئایینی میتراییزم کۆنترین ئایینی کوردە کە ئێستایش پەرستگەکەی لە کەنگاوەڕ لە دەڤەری شاری کرماشانە. میترا، خودای خۆر و ڕووناکی بووە.

ئەوان پێش دۆزینەوەی ئاگر، ڕووناکییان لە خۆر و بروسکەدا دیوە و ڕێزیان لێ گرتوە و دوای دۆزینەوەی ئاگر، لەبەر ئەوە ڕووناکیی هەبووە، ڕێزیان لەویش گرتوە و بە شتێکی پیرۆزیان لەقەڵەم داوە.

هەروەها لە شانامەی کوردیی گۆرانیدا، زوڵمی زوحاک و دلێریی کاوەی ئاسنگەر ڕێوایەت کراوە، بە تایبەت لەو شوێنەی کە کاوە دەبێتە فریادڕەسی خەڵکی ستەملێکراو و کۆتایی بە ستەمکارییەکانی زۆحاک دێنێت. کاتێک زوحاک کوڕە تاقانەکەی کاوە زەنجیر دەکات، کاوە بڕیاری لەنێوبردنی زوحاک دەدات،

وەک ئەوەی لەم چەند دێڕەی شانامەی گۆرانیدا هاتووە کە دەڵێ:

بژنەف وەکاوە مێرد ئاسنگەر
وە ڕەنج و زەحمەت نەڕای دەردسەر
سواران زوحاک زاڵم زەبوونگیر
تەنیا فەرزەنش پیچیان وە زەنجیر
بەردشان پەی بارگای شای غەزەوپۆش
مەغزش پەی خۆراک شای مارەدۆش
عەیاڵ کاوە خاک ڕیژان وەسەر
خەوەر ئاوەردەن پەری ئاسنگەر

یارسانییەکان لە ڕۆژی نەورۆزدا، لە زۆربەی شوێنەکانی خۆیان، بە تایبەت لە ناوچەی " کرند و گاوارە"ی گۆران یان شارستانی دالاهۆ، لە حەساری مەرقەدی پیربنیامین کە یەکێک بووە لە یارانی سوڵتان سەهاک، کۆ دەبنەوە و لە دوای زیارەتی پیرەکەیان، دەستی یەکتر ماچ دەکەن و نەورۆز و ساڵ تازەی کوردی لەیەکتر پیرۆز دەکەن.

یارسانییەکان لە بارەگای پیربنیامین، پەیامی ئاشتی و هاودڵی بۆ یەکتر دەنێرن و هاودەردی و هاویاری لەگەڵ ئەو کەسانە دەکەن کە لە ساڵی ڕابردوودا ئازیزێکیان لە دەست داوە.

هەروەها یارسانییەکان لە شەوی نەورۆزدا مەشخەڵی ئاگر هەڵدەکەن و بە خوێندنەوەی پارچەشیعرێکی فۆلکلۆر، لە ئەدەبیاتی فۆلکلۆری گۆران، نەورۆز پیرۆز دەکەن.

ئاگر نەورووز کریاوە، بورتک چیلک بڕیاوە
سەر پاسار و بانجیلە گشتی چراخان کریاوە

**ئەنجام:**

ڕاستە لە دنیای ئەمڕۆدا، نەورۆز ڕەهەندێکی سیاسی وەرگرتووە و گەلی کورد وەک هێمای بەرخۆدان و تێکۆشان بۆ ئازادی کەڵکی لێ وەردەگرێ، بەڵام لایەنی کولتووری، سروشتی و ئەفسانەیی نەورۆز و ئاگر، لە مێژووی دوورودرێژی زاگرۆس، لە دەقە ئەدەبی و ئایینەکانی یاری و شانامەی کوردی و ئەدەبیاتی زارەکیی کوردیدا، زۆر جێگای بایەخە و دەکرێ لەو چوارچێوەیەدا پێناسەی جەژنی نەورۆز و هێمای پیرۆزیی ئاگر بکرێت.

**سەرچاوەکان:**


- خوێندنەوەیەکی هاوچەرخانە بۆ نەورۆز و مێژوی نەورۆز: دوکتۆر مەولوود ئیبراهیم حەسەن
- نەورۆز لە ئایینی یارسان: نێعمەت زەحمەتکێش
- ئایینی یاری: د. حسێن خەلیقی
- آئینهای فولکلور در تاریخ کورد: سید محمد حسینی
- آیین یارسان در اساطیر اقوام کرد: منصور یاقوتی


٢١ی ڕەشەمەی ٢٧٢٣

# جێگەوپێگەی تەمبوور لە کولتووری یارساندا



لە دێرزەمانەوە، ئامێری تەمبوور لە کۆمەڵگەی یارسان و بە تایبەت لە ناوچەی گۆران و سەحنەی کرماشان، ڕۆڵێکی گەورە و کاریگەری هەبووە لە بۆنە و ڕێوڕەسمە تایبەتەکانیاندا.

کاتێک کەسێکی یارسانی لە سەرەمەرگ نزیک دەبێتەوە و لەسەر جێگە دەکەوێت، تەمبوورژەن بە ژەندنی بەزمی "حەقانی" ڕوحی ئاسوودە و کەمەندکێشی دنیای هەتاهەتایی دەکات. لاواندنەوەی ڕۆح بەردەوام دەبێت تا ئەوکاتەی کەسەکە ماڵاوایی یەکجارەکی لە ژیان دەکات. پاشان تەمبوورژەن لە ڕێوڕەسمێکی تایبەتدا بە دەم خوێندنەوەی مەقامی "فانی فانی" لەگەڵ تەرمی کۆچکردووەکە بەڕێ دەکەوێ بۆ مەزارستان.

لە کاتی چوونیان بۆ سەر مەزار، تەمبوورژەنەکە لە پێشەوەی تابووتە دەچێت و بەزمی "فانی فانی" دووبارە دەکاتەوە و خەڵکەکەش لەگەڵی دیلێینەوە. ئەم بەزمە بەردەوام دەبێت تا ئەو کاتەی مردووەکە ئەسپاردەی خاک دەکرێت. لە پاش ڕێوڕەسمی خاکسپاری، خەڵک بە مەبەستی سەرخۆشیکردن لە کەسووکاری مردووەکە لە ماڵی خاوەن پرسە کۆ دەبنەوە و هەمدیسان تەمبوورژەن بەزمی فانی فانی دەژەنێت تا ئەوکاتەی هەموو میوانەکان دەگەنە شوێنی پرسەکە. بە گەیشتنی هەموو میوانەکان، دەنگی تەمبوور و مەقامی فانی فانی دەوەستێ.

ئامێری تەمبوور لای یارسانییەکان ئامێرێکی پیرۆزە و تەمبوورژەن لە دەسپێک و کۆتایی ژەندنی تەمبوور، مل یان دەستەی ئامێرەکە ماچ دەکات. ماچکردنی تەمبوور بە واتای ئەوەیە، سۆز و ئەوین لە هەموو شتێک و هەموو شوێنێکدا هەیە، ماچکردنی دارێکی وشک هێمای بەخشینی سۆزێ تەمبوورژەنە بۆ ئەو شتەی ئەویندارییەتی. ئەم سۆز بەخشین و ئەوینداریيە دەبێتە هۆی هارمۆنییەکی جوان و واتادار لەنێوان سیمەکانی تەمبوور و پەنجەکانی ژەنیار. لە ئاوێتەبوونی سۆز و ئەویندا، پەیوەندی ڕۆحی و ئەوینداری لە نێوان مرۆڤ و مووزیک وەک دیاردەیەکی بەرز و پیرۆز دروست دەبێت.

مێژووی پەیدابوونی ئامێری تەمبوور لە کۆمەڵگەی یارسان بەو جۆرەی باسی لێوە کراوە، لە سەردەمی (شاخوشین لوڕستانی) ئاشکرا بووە. شاخوشین کە یەکێک لە ڕێبەرانی سەرتایی یارسان بووە، لە سەدەی چوارەمی کۆچی، گرووپێکی ٩٠٠ کەسی لە تەمبوورژەنانی پێڕەوی ڕێبای خۆی دابەش کردوە و خۆشی لەگەڵ ئەو گرووپانە تەمبووری ژەندوە. دواتر لە سەردەمی "سوڵتان سەهاک" کە دەبێتە دامەزرێنەری ئایینی یاری، لە کۆتاییەکانی سەدەی حەوتەمی کۆچی لە پردیوەری هەورامان ٧٢ بەند یان مەقامی یارسان ئامادە کراوە کە هەتا ئێستا بە ٧٢ مەقامی یارسان ناوبانگی ڕویشتوە و لە ڕێوڕەسمە ئایینییەکاندا پێشکەش دەکرێن.

ئامێری تەمبوور پێشتر هەر لە جەمخانە و ڕێورەسمە ئایینییەکانی یارساندا بەکاریان دەهێنا، بەڵام لە ساڵی ١٩٧٢ی زایینی بەملاوە بە دەسپێشخەری مامۆستا سەید ئەمرەڵڵا شا ئیبراهیمی، ئەم ئامێرە لە شوێنە ئایینییەکانەوە گوازرایەوە بۆ سەر شانۆ و شوێنە گشتییەکان. دواتر چەندین گرووپی پیشەیی لە ژەنیارانی تەمبوور، بە سەرپەرەستی، "کەیخوسرەو پورنازری و سەید خەلیل عالی نژاد" دروست بوون.

لەم سەردەمەدا، تەمبوور وەک هەر یەک لە ئامێرە کلاسیکی و نەتەوییەکان، جێگای بایەخی ئاوازدانەرانی پیشەییە لە کۆمەڵگەی یارسان. هەر یەک لە سەید عەلیار ئەفزەڵی، سەید قاسم ئەفزەڵی، سەید ئەمیروڵڵا ئەفزەڵی، دەورێش عابدین خادمی، دەورێش ئەمیر حەیاتی، سەید مەحموود عەلەوی، سەید وەلی حوسەینی، وەستا تاهیر یاروەیسی، نوورعەلی ئیلاهی، چەنگیز عەبدیپوور، شێخ محەممەد باقر تەیمووریان، سەید خەلیل عالینژاد، مامۆستا عەلی ئەکبەر مورادی، عەلیرەزا فەیزبشیپوور، مامۆستا کەیخوسرەو پوورنازری، سەید ئارش شەهریاری، فەرەیدوون کەماڵی، شاپوڕ کەماڵی، عادل کەماڵی، بیهزاد موڕادی، موزەفەر برنجی، مەنووچەر نەزەری تویشامی، فەرید ئلهامی و کەیوان کیانیان، لە بەناوبانگترین تەمبوورژەنانی کۆمەڵگەی یارسانن. دیارە مامۆستا عەلی ئەکبەر موڕادی لە ناوچەی گۆران، جیا لەوەی تەمبوورژەن و ئاوازدانەرێکی بەناوبانگە، هاوکات ساڵانێکە لەبارەی مەقامەکانی ئامێری تەمبوور کار دەکات و تا ئێستا چەندین لێکۆڵینەوەی زانستی و بەنرخی پێشکەشی ئەوینداری تەمبوور و ئاوازەکانی تایبەت بە یارسان کردووە.

مامۆستا موڕادی، لە ژەندنی مەقامەکانی تەمبوور شێواز و توانایی تایبەت بە خۆی هەیە و شارەزای ٧٢ مەقامی یارسانە. کاسێتەکانی وەک: "تریکە هانا، سەحەر واران، سیروان و گەڵاریزان"، لە بەرهەمە بەناوبانگەکانی ئەم هونەرمەندە دیارەی کوردستانە. مامۆستا عەلی ئەکبەر مورادی، ساڵی ١٩٩١ی زایینی سۆلۆژەنی (گرووپی ڕۆژ) بوو کە لە پێشبڕکێی ئامێرە ژێدارەکان، لە بەشی تەمبوور، پلەی یەکەمی بەدەست هێنا. مامۆستا مورادی، هاوکات بە مەبەستی ناساندی تەمبوور یارسان وەک ئامێرێکی کوردی، گەشتی زۆربەی وڵاتانی دنیای کردووە.

شێوازی تەمبوورژەنینی "سەحنە" لەگەڵ "گۆران" تا ڕادەیەک جیاوازە، دەستوپەنجەی سەحنەییەکان خێراترە لە ژەندنی تەمبوو، بە تایبەت ئەم خێراییە زۆرتر لە کارەکانی ڕەوانشاد سەید "خەلیل عالینژاد" خۆی دەردەخات، بەڵام زۆربەی گۆرانەکان ئێستا پێڕەوی لە شێوازی ژەندنی مامۆستا عەلی ئەکبەر مورادی و کۆچکردوو وەستا تاهیر یارەویسی دەکەن، کە زۆرتر ڕیتمی ئارامە.

جێگای ئاماژەیە، لە ناوچەی گۆران باوە دەڵێن هەر کۆرپەیەک لەدایک دەبێت، تەمبوورێکی بچووک بە پێشکەکەیەوە هەڵدەواسن بۆ ئەوەی کە گەورە بوو ئەو ئامێرەی لەبیر بێت و بیژەنێت، کە دیارە ئەمەش جۆرێکە لە ئەمانەتداری و ئەمەگناسی کۆمەڵگەی یارسان بۆ ئامێری تەمبوو کە وەک میراتی کولتووری و نەتەوەیی خۆیان چاوی لێ دەکەن. لە خۆڕا نییە ئێستا لە ناوچەی گۆران، کەم ماڵ هەیە منداڵەکانیان تەمبوور نەژەنن و هۆگری ئەم ئامێرە نەبن. دیاردەی جێگای سەرنج و باڵکێش ئەوەیە کە کچانی یارسانی فرەتر لە کوڕان هۆگری سازی تەمبوورن و بەردەوام لەم بوارەدا هەوڵی فێربوون و خۆ پێگەیاندن دەدەن.

**سەرچاوەکان:**


- ساز آوای کردی، علی اصغر نصراله‌پور
- تنبور از دیرباز تاکنون، سید خلیل عالی‌نژاد
- موسیقی یارسان: حیدر کاکی، به روایت علی اکبر مرادی


٦ی پووشپەڕی ٢٧٢٤



سەرچاوە Serchawe

# پێگەی ژن لە ئەدەبیاتی باوەڕیی یارساندا



بە پێی بەڵگەی مێژوویيەکان، لە سەردەمی شۆڕشی وەرزێری و ئاژەڵداریدا لە زاگرۆس، کۆمەڵگەی دایک لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە و هەوڵی ئاوەدانیدا، ڕۆڵی سەرەکیی گێڕاوە و ژیار و شارستانیەت لەسەردەستی ژنان بونیاد نراوە. بەرهەمهێنان و پێگەیاندنی دانەوێڵە و هارینی، ماڵیکردنی ئاژەڵ و شوێنی حەوانەوە، چنین و تەونکردن، داهێنانی گڵکاری، مناڵبوون و بەخێوکردنی لە کۆمەڵگەی دایکدا، بە هێز و وزەی ژن ڕاپەڕیوە.

بۆ تێگەیشتن لە هێز و وزەی ژن لە سیستمی ژیانی هەرەوەزی و وەرزێریدا، پەیکەرەکانی خوداوەندی دایک لە ئاسەواری کولتووره سەرەتايیەکاندا جێگای سەرنج و بایەخی تایبەتن، بەجۆرێک کە وشەی ئافرەت لە هێما کۆنەکاندا، وەک مرۆڤێکی خوڵقێنەر و داهێنەر، واتا پەیدا دەکات. ئێستاش پەیکەر و نەخش و وێنە بەجێماوەکانی ژنان لەسەر بەردەنووس، لەوحە و کەتیبەکان، نیشانە و هێمای هەرە زیندوون بۆ نیشاندانی ڕۆڵ و پێگەی ئافرەت لە کۆمەڵگە سەرەتاييەکانی زگرۆس، کە بە کۆمەڵگەی دایک بەناوبانگن.

لە ڕابردوودا و لە سەردەمی مادەکاندا، پێگەی ژن لە ژیانی کۆمەڵایەتی و ئايينيدا دیار و بەرچاو بووە. لە ساڵی ٦١٢ پ.ز، کاتێک (هوەخشتەر)ی ماد شاری موسڵ داگیر دەکات، ئافرەتێکی میدی دەکا بە پارێزگاری ئەو شارە.

لە ڕووی ئایینیشەوە لە زاگرۆس، ئافرەت خاوەن پێگەی ئایینی و بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی بووە. (ئاناهیتا) نموونەیەکی بەرچاوە لە سیمبولی ژنان لە ئایینی میترادا کە ئێستاش شوێنەواری لە شاری ( کەنگاوەر)ی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ماوە.

ئایینی یاری لەگەڵ سەرهەڵدانی لە کوردستان، وەک میراتگری ئایینی میتراییزم، بە کەلام و کردەوە، باوەڕی بە یەکسانیی ژن و پیاو هێناوە و هەردووک ڕەگەزەکەی لە ڕووی ئەرک و مافەوە لە یەک چوارچێوەدا پێناسە دەکات،

**وەک ئەوەی لە (سەرنجام)دا هاتووە:**

**"سکەی سابتی موهرەی نێروما**
**شەهادەت ڕموز ڕاستگۆ و ڕاهنوما"**

واتە شیاوبوونی ژن و پیاو لەو هێما و نیشانانەدا دا خۆیان دەبیننەوە کە وەک گەوهەر گرانبەهان، لەبۆ ڕاستبێژی و ڕێنمایی.
جیاواز لە پرۆسەی کۆمەڵایەتی و ئایینی، لە بواری ئەدەبییشەوە، ئایینی یاری گرینگییەکی زۆری بە ئەدەبی ژنان داوە و لە دیرزەمانەوە ژنان لە ژێر کاریگەریی زمان و ئەدەبیاتی باوەڕیی یارساندا، هەڵبەستی بەرز و پڕواتایان بە شێوازی گۆرانی نووسیوە کە بە خۆشییەوە هەتا ئێستا هەڵبەستی بەشێک لەو ژنەشاعیرانە ماون و لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا پارێزراون. لە ژنانی شاعیر و پێشەنگی یارسانی دەتوانین ئاماژە بکەین بە ناوی کەسانێک لە وێنەی: دایە تەورێز، جەلالە خانمی لوڕستانی، ڕێحان خانمی لوڕستانی، فاتمە لوڕەی گۆران، لزا خانمی جاف ، مەی زەرد، دایە خەزانی سەرگەتی، خاتو ڕەزبار، حەبیبەی شارەزووری، خاتوو نازداری شیرازی، نێرگس خانمی شارەزووری، زەربانوی دەرزیانی، سەمەنی دەودانی، خاتوون زەینەب ، خاتوون گوڵی و دادا سیمە و ... . جێگای باسە، مێژووی ژیان و تێکۆشانی ئەدەبی ئەم ژنانە لە سەدەی چوارەمی هیجری دەستی پێ کردووە و تا سەدەی یازدە درێژەی کێشاوە.

لە بواری هونەرییشەوە، شوێندەستی ژنان لە مێژووی یارساندا دیارە. هەر لە زەمانی شاخوشینەوە تا دەگاتە دەورانی پردیوەر، ژنان لە ژەندنی ئامێری تەمبووردا دەوری باڵایان هەبووە. دایە تەورێزی هەورامی، لەگەڵ ئەوەدا هەڵبەستوانێکی خامەڕەنگین و وشەناسک بووە، تەموورە ژەنێکی لێهاتووش بووە و لەگەڵ زایەڵەی (تەموورە)دا (کەلامی) خوێندووە. تەمبوورژەنین بەشێکە لە فەرهەنگی یارسان و تا ئێستا ئەم هونەرە وەک میراتێکی گرینگ و جێگای بایەخ، لە کۆمەڵگەی یارساندا پارێزراوە و ژنانی یارسانی پتر لە هەر سەردەمێک هۆگرییان بەم ئامێرە پەیدا کردوە و بە ئەوینەوە دەیژەنن و خۆیان فێری مەقامەکانی تەمبووری یارسان دەکەن.

لە سەدەی شانزدەهەمی زایینیدا، ژنی کورد لە زۆر شت بێبەش بوو، بە هۆکاری ئەوەی سیستەمی پیاوسالاری و سەرمایەداری، لە ڕێگەی گۆڕینی سیستەمی سیاسی، پەروەردەیی و ئابووری، بەپشتبەستن بە نەریتی ئایینی، بوون بە هۆی لاوازیی پێگەی ژنان لە مافی بڕیاردان و مەیدانیان بۆ نایەکسانیی کۆمەڵایەتی ئاوەڵا کرد. ئێستاش مێژووی پڕ لە تێکۆشانی ژنان ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەخات کە ژنان لە هەر سەردەمێدا بە تێگەیشتن و زانایی و بوێری خۆیان دەتوانن کاریگەری لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکان دابنێن.

پێناسەی پێگەی ژن لە کولتوور و ئەدەبیاتی باوەڕیی یارساندا، هەڵگری شوناسێکی بەرز و واتادارە. لە یەکەم دەستپێکی سەرهەڵدان و دەرکەوتنی ئایینی یاری لە کوردستان، وەک بزاوتێکی هزری و کۆمەڵایەتی، دایراک خاتوون "ڕەمزبار| وەک ژنێکی مەرجدار لە نێو یارانی زانا و چاوداری هەفتەن، شوێنی شیاوی خۆی دیاری دەکات و بڕیار لەسەر شەرت و شوونی یاری دەدات. بە واتایەکی دیکە، لە نیزامی (پیر و پادشایی) یاریدا لە پردیوەر، ئافرەت دەبێتە خاون مافی بڕیاردان و ڕۆڵی جەوهەری خۆی دەگێڕێت.

دایراک لە ئەدەبیاتی باوەڕیی یاریدا، هێمای جەوهەریی و بنەوایی دایکێکە لە پێگەیشتن و پەرەسەندنی دیاردەی یەکسانی لە دەورانێک کە ژن لە مافی ئازایی ڕادەربڕین بێبەش بووە و وەک کاڵا مامەڵەی لەگەڵ کراوە. لە ڕوانگەی یارییەوە، نەک هەر ژن سەرچاوەی گوناح نییە، بەڵکوو وەک مرۆڤێکی خاوەن شکۆ لەسەر بنەمای ئازادی پێناسەی بۆ کراوە. بە پێی بەڵگەی کەلامی کەس بۆی نییە مافی یەکسانی، ڕادەربڕین و بڕیاردان لە ژنان زەوت بکات. کەسایەتیی سەربەخۆی ژن لە یاریدا، خاڵێکی گرینگ و واتادارە، بۆ ئەوەی وەک مرۆڤێکی خاون پێگە ڕێزی لێ بگیرێت و مافی پێشێل نەکرێت.

لە ئەدەبیاتی باوەڕیی یاریدا، ژن و پیاو وەک دوو مرۆڤی خاوەن بەها و کەرامەت، مافی وەک یەکیان هەیە. لە کەلامەکانی دەورەی پردیوەر، بە ڕوونی یەکسانیی ماف لە نێوان ژن و پیاو پارێزراوە. لە ڕوانگەی سوڵتان سەهاکەوە ژن و مێرد بەش و مافی وەک یەکە.

**سوڵتان دەڵێ:**

**کناچە و کوڕی، کناچە و کوڕی**
**تەفیرشان نیەن، کناچە و کوڕی**
**بەش باتنەن، ئەزەڵ هەورێ**
**خاتوونە دایراک ئەی بەشەش خڕی**
**پوشاک یاری ئەو باڵاش بەری**

**بیاودایان پوران حوری**
**هەرکەس بواچۆ کناچە و کوڕی**
**موزیش وەدەم مەودای کەی بری**

واتە کچ و کوڕ یەکسانن. ئەم بەشە نهێنییە کە لە نواوە بوەتە بەشی خانمەکان. خاتوونە دایراک (دایکی سوڵتان)، ئەم بەشەی کرێ و بوو بە یەکێک لە یارەکان. هەرکەس جیاوازی لە نێوان کوڕ و کچدا دابنێ، سزبار دەبێت.

هەروەها فرەژنی لەم ئایینی یاری ڕێگاپێدراو نییە و یارانی یارانی تەنیا بۆیان هەیە یەک هاوسەریان هەبیت. سوڵتان دەڵێ: هیچ یارییەک خاوەن ئەو مافە نییە، دوو ژنی هەبێت، هەرکەس وا نەکا، ئەندامێکی بێشەرتە و لە جەم وەدەر دەنرێ:

**نمەوۆ دوو هاوسەر کەرۆ نیکایی**
**هەر یار دوو هاوسەر جە یانەی یایی**
**جە ئایر دۆزەخ نییەنش ڕەهایی**
**دۆزەخ خاستەرەن جە یانەی بیایی**

واتە  بۆ یار مارەبڕینی دوو هاوسەر ڕەوا نییە، چونکە لە ئاگری دۆزەخدا ڕزگاری نابێ، ئەو ماڵەی کە پیاوەکەی خاوەنی دوو ژن بێ، لە دۆزەخ خراپترە.
بە پێی کەلامی یاری، لە نێوان ژن و پیاودا وابەستەیی ڕەگەزی یان موڵکداری نییە و هەردووک ڕەگەز خاوەن کەسایەتیی سەربەخۆی خۆیانن و ئازادن لە هەڵبژاردنی هاوسەر و هەروەها لە ئەگەر ناکۆکی و نەسازاندا، ئازادن لە بڕیاری جیابوونەوەدا.

ژن و مێرد لە ئەدەبیاتی باوەڕیی یارسان، لەسەر بنەوای ئەوین و خۆشەویستی لەگەڵ یەک مامەمەڵە دەکەن. ئەوینی نێوانیان پەیوەندی بە هێلی بیرکردنەوەیان هەیە، لە ئەگەر ڕەچاونەکردنی خۆشەویستیی نێوانیان، لادانی فیکری دروست دەبێت و دەبێ خۆیان یەکلایی بکەنەوە.

پەردەی حەیا و شەرم لە یاریدا، بە واتای ڕووسەری یان بالاپووشی نییە، بەو جۆرەی لە ئایینەکانی دیکەدا باسی لێوە دەکرێت، بەڵکوو بە واتای پرنسیپی ئەخلاقییە بۆ ڕەچاوکردن و بەردەوامیی پەیوەندیی خۆشەویستیی لە نێوان ژن و مێردا، بۆ ئەوەی دیاردەی خەیانەت لە ژیانی ژن و مێردایەتیدا ڕوو نەکات و شیرازەی ژیانی هاوبەش هەڵنەوەشێتەوە.

وەک ئەوەی لە کەلامی مارەبڕینی یاریدا هاتووە کە دەڵێ:

ئەو لوی حەیا و شەرم وێشان بپیچا
وە هەرزەکاری مەکەردی نگا
بپیچا نە وەر پەردەی سیانەت
ئەو یەکتر نەوان هەرگز خیانەت

واتە خۆت بە پەردەی حەیا و شەرم داپۆشە، بە چاوێک مەڕوانە کە نییەتی خراپی لێ بکەوێتە و ببێتە هۆی خیانەت. لەڕاستدا ڕووپووش لە فەلسەفەی باوەڕی یاریدا، زۆرتر پەیوەندی بە لایەنی واتایی "مەعنەوی" و ماریفەتەوە هەیە تا لایەنی ڕواڵەتی و ئەم پەیامە تەنیا تایبەت بە ژیان نییە، بەڵکوو پیاوانیش دەگرێتەوە.

## ئەنجام:

بە پێی باوەڕ و فەلسەفەی یاری، هەموو بوونەوەرێک لە جەوهەردا یەکن و هیچ شتێک نابێت بێتە هۆی جیاوازی لە نێوان ڕەگەزی نێر و مێدا. واتە مرۆڤ بە گشتی لە گەوهەردا هەر یەک شتە.
یارسان، بە پێیی زانستی فیزیۆلۆژی و دەروونناسی پێکهاتەی گشتیی دەروونی و جیسمیی ژن و پیاو یەکسان دەبینێت و باوەڕی وایە کە ئەم دوو ڕەگەزە دەبێ خاوەن مافی وەک یەکیان هەبێت.
لە ڕوانگەی یارسانەوە، مرۆڤەکان دەکرێ لە ڕووی بایۆلۆژی و پێگەی کۆمەڵایەتیەوە وەک تاک جیاواز بن، لەبەر ئەوەی ئەرکی تاک بەسراوەتەوە بە پێکەی کۆمەڵایەتییەوە، بەڵام لە ڕووی مافی مرۆییەوە هیچ جیاوازییەک لە نێوانیاندا نییە.

## سەرچەوەکان:

- سەرنجام، تەیب تاهیری
- یار وریا، سەید محەممەد حوسەینی و سەید حشمەت ئەرژەنگ
- شەرەفنامە، شەرەفخانی بدلیسی
- ژنۆلۆژی، عەبدوڵڵا ئۆجەلان، (٢٠١٢)، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی
- پێگە و قەڵەمی ژن لە ئایینی یارسان و مادەکاندا، نامیق هەورامی

٤ی ڕەزبەری ٢٧٢٤

## هەنار لە ئەدەبیاتی باوەڕیی کوردانی زاگرۆسدا



هەر لە دێرزەمانەوە، هەنار لە زەنجیرە چیاکانی زاگرۆس، وەک میوەیەکی تامخۆش و هێمایەکی پیرۆز لەنێو ئایین و ئەفسانە کۆنەکاندا باسی لێوە کراوە. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ پەیوەندیی مرۆڤی کورد لەگەڵ ژینگە و سروشت و خۆشەویستیی لەڕادەبەدەریان بۆ دارودرەخت.

هەنار، لەبەر جوانی و زۆریی دانەکانی، لە کولتووری زاگرۆسدا، بە میوەیەکی پڕبەرەکەت ناوی ڕۆیشتوە. دەگێڕنەوە لە کولتووری کۆنی کوردەواریدا، هەرکات کۆرپەیەک هاتۆتە دنیا، بۆ ئەوەی هاڵ (دێوی کۆرپەکوژ) نەیبا، بۆ ماوەی چل ڕۆژ لە بەردەم ئەو ماڵە تەلیسمێکیان لە دارهەنار هەڵواسیوە.

بەو جۆرەی کولتوورناسانی کورد باسیان لێوە کردوە، زەمانی زوو لەکاتی شایی و زەماوەندا، ئەم میوەیە لەلایەن زاواوە پێشکەش بە بووک کراوە، بۆ ئەوەی ئەو بووکە لە پرۆسەی ژیانی هاوسەرییدا وجاخ کوێر نەبێت و ببێتە خاوەن مناڵ، کە دیارە هەنار لێرەدا بە هێمای زاوزێ و بەرەکەت و بەردەوامیی ژیان لێکدانەوەی بۆ کراوە. تەنانەت کاتی خۆی لە کوردەواریدا زۆر مناڵ کە لەدایک دەبوون، ناوی هاوشێوەی هەناریان لێ نراوە، وەک،

"هەنار، هەنارە، نار، گوڵنار و ناریّ". هەروەها ناوی زۆرێک لە شار و شارۆچکە و گوندەکانی کوردستان لە هەنارەوە وەرگیراوە، لەوانە "هەنارە، ئەنارکی لە شاری ئیلام، ئەنار لە سەرحەد و باخەهەنارە لە گەرمیان".

لە تاتەقوڕینەکانی سۆمەریشدا، وێنە و شوێنەواری هەنار بەرچاو کەوتوە، کە وەک پیرۆزی و داری ژیان بینراوە.

هەروەها بەگوێرەی ئەفسانە یۆنانییەکان، ئافرۆدیتی خواوەندی ئەوین، دارەهەناری بە دەستی خۆی لەنێو دوورگەی قیبرس چاندوە و بە ڕژانی خوێنی دیونوسوس، هەنارەکە گەشەی کردووە.

یان وەک ئەوەی لە دەقە کۆنەکاندا ئاماژەی پێ کراوە، دەنکی هەنار هێمای زاوزێی ئاناهیتایە. گوڵەهەنار هێمای ئاگردانە. زەردەشتییەکان لە کاتی ڕێوڕەسمە ئایینییەکانیان چڵە هەنارێک بە دەستەوە دەگرن و لەناو ئاتەشگە و مەزارگەکانیشیان داری هەنار دەچێنن.

لە شەوی چلەدا، کە درێژترین شەوی ساڵە و بە شەوی لەدایکبوونی خۆر ناوی دەرکردوە، کوردانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، خوانەکانیان بە هەنار دەڕازێننەوە و پێیان وایە، ڕەنگی سووری هەنار هێمایە بۆ خۆر و گەرما و نیشانەی بەڕێوەبوونی بەهار و ژیانێکی نوێیە.

لە فەرهەنگی ناوچەکانی هەورامان، هەنار لە ڕەگەزی مێیە. بە پێی باوەڕی خەڵکەکە، سووری ڕەنگی هەنار دەگەڕێننەوە بۆ خوداوەندیی میترا و هێمای پیرۆزیی ئاگر لە ئاتەشگە کۆنەکانی هەوراماندا. واتە، هەنار لە کولتوور و ئەفسانەی زۆربەی وڵاتاندا، هێمای زاوزێ و بەرەکەت و ئەوینداریيە.

لە ئایینی میترا و کولتووری زاگرۆسدا، تاجی سەری پادشاکان لە گوڵی هەنارەوە وەرگیراوە و تا ئەوڕۆش وەک خۆی ماوەتەوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕیشە کۆنەی کە لە میزۆپۆتامیادا هەیە.

هەنار، لەبەر خۆشی و جوانی و گرینگیی لە کولتوور و ئەفسانەکاندا، زۆرتر لە هەر میوەیەکی تر لە کاتی گردبوونەوەی کوردان لە ناوچەکانی هەورامان و دەڤەری گۆران لە کرماشان، وەک شەوچەرە ئامادە دەکرێت.

ئێستاش بەشێک لە دانیشتوانی ئیلام و لوڕستان وەک نەریتکی دێرینە لە ڕۆژی جەژنی نەورۆز، چەند هەنارێک دەخەنە نێو کاسەیەکی پڕ لە ئاو و وەک هێمای بەرەکەت و ڕووناکی لە بەردەم ماڵەکانیان دایدەنێن.



سەرچاوە
Serchawe

لە ڕووی ئایینییەوە، هەنار لە ئایینی یاریدا میوەیەکی تاڕادەیەک تایبەتە و بە هێمای پیرۆزی، یەکبوون و هەرمان چاوی لێ دەکەن. پیرۆزی ئەم میوەیە لە جەژنی سێ ڕۆژەی خاوەنکار یان جەژنی پادشایی یارساندا بە ڕوونی دەبینرێت. هەنار لە دەستپێک تا کۆتایی جەژنی خاوەنکار لە جەم و خەمخانەکانی یارسان وەک نیاز دوعای لەسەر دەخوێندرێت و لە نێوان جەمنشینان دابەش دەکرێت. هەموو یارسانییەک کە بەشە هەناری خۆی وەردەگرێت، لە پێشدا ماچی دەکات و پاشان دەیخوات. جگە لەوە، لای یارسانییەکان گونجاو نییە لە جەمدا هەنار لە نێوەڕاستڕا لەت بکرێت، بەڵکوو دەبێ بە شێوەیەک لەت بکرێت، دانەکانی کە نیشانەی بەرەکەت و یەکبوونە، زیانیان پێ نەگات. تەنانەت هەر لەبەر ئەم هۆکارە، زۆرجار یارسانییەکان لەباتی چەقۆ بە دەست هەنار لەت دەکەن.

لە ئەدەبیات و فەلسەفەی باوەڕی یارساندا، هەنار چەتری یەکبوونە، وەک ئەوەی کە سەدان دانەی هەنار لەناو پێستێکدا یەکیان گرتوە. لەنێوان هەر ڕیزە هەنارێک پەردەیەکی سپی و ناسک هەیە کە ئەو پەردەیە سنووری نێوان چین و توێژەکانی کۆمەڵگە دیاری دەکات، بەڵام لە گەوهەردا هەر هەموویان بەرهەمی یەک دارن و لە یەک سەرچاوە ئاویان خواردوەتەوە. ئەم بیرۆکەیە دیارە لە فەلسەفەی مرۆڤمەداریی ئایینی یاریدا ڕەنگی داوەتەوە.

هەروەها لە یارساندا، پیرۆزیی هەنار ڕیوایەتێکی ئەفسانەیی هەیە کە ئەویش پەیوەندی بە لەدایکبوونی "باوەیادگار"، یەکێک لە ڕێبەرانی یارسانەوە هەیە، کە گوایە "دادە سارا" پاکیزە کچی پیر میکائیل, لە ڕێگای خواردنی دەنکە هەنارێک لە جەمی یارساندا، دووگیان بووە و دوایی باوەیادگاری هێناوەتە دنیاوە. دیارە ئەمە تەنیا ئەفسانەیەکە لە ئەدەبیاتی باوەڕی یارساندا، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ هێمای پیرۆزیی هەنار لەگەڵ دۆنادوونبوونی مرۆڤ بە ڕووەک. مەبەست لەم ئەفسانەیە ئەوەیە کە مرۆڤ سروشت بە بەشێک لە خۆی بزانێت و ڕێزی لێ بگرێت.

لە چیرۆکی ئەفسانەیی (دەنکە هەنارە) دا ئەم میوەیە وەک هێمای زاوزێ و ڕەمزی خۆشەویستی نیشان دەدرێت. ئەم چیرۆکە زار بە زار لە باوانمانەوە پێمان گەیشتوە و پڕە لە ڕاز و نهێنی و ئەوینی مرۆڤی کورد بۆ دار هەنار و ژینگەدۆستیی مرۆڤ لەگەڵ ڕووەک و درەخت.

لە چیرۆکی ئەفسانەیی دەنکەهەناردا هاتووە: "کچێکی تەلیسمکراو لەناو هەنارێکدا دەژی. شازادەیەک کاتی ڕنینەوەی هەنار، دەیەوێ یەکێک لە هەنارەکان بشکێنێ، کە دەنگی کیژۆڵەیەک دەبیستێ. کیژۆڵە لەناو هەنارەکە دێتە دەر و هێدی هێدی گەورە دەبێ. لەگەڵ گەورە بوونی کیژۆڵە، شازادە عاشقی دەبێ.

دەنکە هەنارەکە گەورە دەبێ، بەڵام ڕووتە و شازادە دەچێ پۆشاکی بۆ بێنێ تا بتوانێ لەگەڵ خۆی بیباتەوە. شازادە

ماڵاوایی لێ دەکات و بەرەو کۆشک دەکەوێتە ڕێ. کچە لەپاڵ دار هەنارەکە چاوەڕوانی گەڕانەوەی شازادە دەکات، کە لەلایەن دێوێکی ڕەشەوە دووبارە تەلیسم دەکرێ.

دێوەڕەش ملوانکەیەکی دەنکە هەنارەکە لە مل دەکا و چاوەڕوانی شازادە دەکات. شازادە دوای گەڕانەوەی بۆ لای دار هەنارەکە، لە تەشک و قۆرەی دێوەڕەش دەحەپەسێ، بەڵام دێوەڕەش دەڵێت: ئەوە چاوەڕوانیی زۆر وای لێ کردووم و ئەگەر لەنێو کۆشک خۆم بشۆم، جوانییەکەی جارانم بۆ دەگەڕێتەوە.

شازادە دوای گەڕانەوەی بۆ کۆشک، لە دێوەڕەش بە گومان دەبێ و بۆ گەیشتن بە عەشقی ڕاستەقینە و دۆزینەوەی دەنکە هەنارەکە، چڵە هەنارێک لەنێو حەوشی کۆشک دەچێنێ و دواجار دەنکە هەنارەکە دەبێتە کۆترێک و خۆی دەگەیەنێتە لای شازادە".

لەبارەی دۆناودۆنبوونی مرۆڤ لەگەڵ دار و درەخت، ڕیوایەت و چیرۆکی پڕ لە ڕاز و ڕەمز هەن لە دنیا. وەک ئەوەی کە لە ئاوێستادا هاتووە، یەکەمین ژن و پیاو، واتا مەشی و مەشیانە، لەناو پەلکی ڕێواسێکەوە هاتوونەتە دنیا. جیا لە کورد، خەڵکی دیکە هەن کە پێیان وایە، یەکەمین مرۆڤ لە ڕووەکەوە هاتووەتە دنیا، بۆ نموونە خەڵکی مالیزیا پێیان وایە، یەکەمین مرۆڤ لەنێو درەختی بامبۆوە هاتووەتە دنیا.

جێگای باسە، هەتا ئێستا بەشێکی زۆر لە کوردانی ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە تایبەت هەورامی و یارسانییەکان، کە باوەڕیان بە کولتووری کۆنی زاگرۆس و ئایینە کوردییەکان ماوە، ساڵانە و لە وەرزی پاییزدا، جەژنی هەنار بەڕێوە دەبەن.

ساڵانە فستیڤاڵی هەنار لە زۆربەی ناوچەکانی هەورامان وەک ڕێوڕەسمی شوکرانەبێژی بەڕێوە دەچێت. ئەم نەریتە لە نمایشکردن و فرۆشتنی هەنار، ئەوە دەردەخات کە ئەم میوەیە لە کولتووری خەڵکی ئەم ناوچانە لە ڕووی باوەڕییەوە، خاوەن گرینگی تایبەت بە خۆی بووە.

**لە ڕووی زانستییشەوە، هەنار یەکێکە لەو میوانەی کە بڕێکی زۆر ماددەی ئاسنی هەیە و دەبێتە هۆی فرەبوونی ڕێژەی خوێن لە جەستەدا.**

***



سەرچاوە
Serchawe

**سەرچاوەکان:**

- هەنار، میوەی پیرۆزی ئایینە دێرینەکانی کوردستان - عەزیز مورادی
- هەنار میوە پیرۆزەکەی کوردستان - جان دۆست، وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە: موسلیم ڕەسوڵ عەبدوڵڵا
- پێگەی میوەی هەنار لە ئەفسانە و باوەڕی کوردیدا - هەردی دولبەر
- کتاب "ناردانه، انار" - نوشتەی حسین نقدی

۲۳ی ڕەزبەری ۲۷۲٤

# گەلی کورد پێویستە جەژنی خاوەنکار بە بەشێک لە شکۆ و شانازییەکانی مێژووی خۆی بزانێت




**وتووێژ**: **شەهرام سوبحانی**

**ئاماژە:**

**خاوەنکار جێژنی ئایینی یارسانەکانە کە هەر ساڵە لە چلەی پاییزدا لەلایەن پێڕەوانی ئایین یاری بە شکۆوە بەڕێوە ئەچێت. "کوردستان" بۆ باس و بابەتێکی تایبەت بە جێژنی خاوەنکار لە کۆمەڵگەی یارسان و مێژوویی ئەم جێژنە و تایبەتمەندییەکانی ئەم جێژنە لە کوردستان وتووێژێکی لەگەڵ سارۆ خوسروەی، نووسەر و لە پێڕەوانی ئایینی یاری پێکهێناوە.**

**شەهرام سوبحانی**: **کاک سارۆ سەرەتا پێمخۆشە بەم پرسیارە وتووێژەکەمان دەست پێ بکەم، کە جێژنی "خاوەنکار" واتای و فەلسەفەکەی چییە؟**

**سارۆ خوسرەوی**: لە پێشدا با ئەوە بڵێم، وشەی "خاوەنکار" یانی سێحەبکار، بەڵام لە ئەدەبیاتی باوەڕی یارساندا مەبەست لە "خاوەنکار" ئافرێنەر و خاوەنی چەرخی گەردوونە. ئەم وشەیە هاوواتای خودایە و لە پەڕاوەکانی یارساندا وەک: "ساحێبکەرەم"، "پاشا"، "سوڵتانی حەقیقەت" و "شای هەورامان"یش لێک دراوەتەوە. واتای ئەوەیە کە تۆ لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا لەگەڵ خوایەک ڕووبەروو دەبیتەوە کە وەک تۆ ئەندامێکە لە کۆمەڵگە، ئەم خودایە لە

بوونی مرۆڤدا خۆی نیشان دەدات و تۆ دەتوانی ڕاوێژی لەگەڵ بکەی. لە یارساندا جەژنێک هەیە بە ناوی "خاوەنکار" و لەبەر ئەوەی "مەڕنۆ" وەک شوێنی ڕووداو یادی لێ دەکرێتەوە، ئەم جەژنە وەکوو جەژنی "مەڕنۆ"یش ناوی لێ دەبرێت. ئەم جەژنە بە خاتری ئامادەبوونی "سوڵتان سەهاک" و یارانی لە شوێنی ڕووداوەکە و سەرکەوتنی تیشک بەسەر تاریکاییدا و بوونی ڕەسمیی یارسان لە فۆرمی مرۆڤدا، وەک خاڵی وەرچەرخان و بنەڕەتیی بیرۆکەی یاری، یادی لێ دەکرێتەوە و هەموو ساڵێک لە کۆمەڵگەی یارساندا پیرۆز دەکرێت. مژاری یارسان بەر لە "مەڕنۆ" تەنیا وەک ئەدەبیاتێکی باوەڕی هەبووە، ئەوەیش بەدەر لە چوارچێوەی مەدەنی، دەستووری و سیستەمی ئایینی. بەڵام دوای "مەڕنۆ" کۆمەڵگەی یارسان دەبێتە خاوەنی سیستەمی کۆمەڵایەتی و ئایینیی تایبەت بە خۆی. جەژنی خاوەنکار، پەیوەستە بە ڕۆحی ئەوەینداریی یارسانییەکانەوە لە مەڕ مێژووی ١٢٠٠ ساڵەی ئایینەکەیان لە چەندین قۆناغی ئەستەم و پڕ لە تێکۆشانی لەبۆ زیندووڕاگرتنی ئایین، فەرهەنگ و شارستانیەتی کوردان لە نیشتمانی خۆیاندا.

**شەهرام سوبحانی**: مێژووی جێژنی "خاوەنکار" بۆ کەی دەگەڕێتەوە؟

**سارۆ خوسرەوی**: ئایینی یاری بە نهێنی و ئاشکرا، چەندین دەورەی تێپەڕاندووە تا گەیشتووەتە ڕووداوی مەڕنۆ. وەک دەورەی بالوول، دەورەی شاخۆشین، دەورەی بابا سەرهەنگ، دەورەی بابا جەلیل، دەورەی بابا نائوس، سەجنار و پاشان دەورەی پردیوەر. مێژووی گشتیی سەرهەڵدان و پەیدابوونی ئایینی یاری دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی ١٢٠٠ ساڵ پێش ئێستا، بەڵام تەمەنی نوێی ئەم ئاینە ٧٠٠ ساڵە، واتە لە چەرخی سێزدەی زایینی و لە کاتی سەرهەڵدانی سوڵتان سەهاک لە (دەورانی پردیوەر)، لە هەورامان جێژنی خاوەنکار لە ژێر ناوی "دەعوەتی پادشایی" بەڕێوە چووە.

**جێژنی "خاوەنکار" یا جێژنی "مەڕنۆ"یشی پێ دەڵێن، پێمان خۆشە لێرەدا باسێک لە حیکایەتی ئەو مەڕنۆوە بکەن.**

سوڵتان سەهاک بەرزنجەیی، کوڕی "شێخ عیسا"، یەکێک بووە لە گەورەکانی ناوچەکە. سوڵتان سەهاک لەساڵی ٢٦٠ی کۆچی هەتاوی لە بەرزنجەی سەر بە "عەربەت" لە پارێزگای سلێمانی لەدایک بووە. لەبەر ئەوەی لە باری بیر و بڕواوە کەسێکی جیاواز بووە، لە سەردەمی منداڵیدا، براکانی و خەڵکی ناوچەکە بەرانبەری نەرمونیان نابن و لەگەڵی کەوتوونەتە ململانێی فیکری. پاشان لەبەر گوشار و زوڵم و زۆریی هێزە دەسەڵاتخواز و ڕادیکاڵەکان، لە ناوچەی بەرزنجەی سلێمانییەوە بەرەو هەورامان کۆچی کردوە. لە ڕێگە، لە نزیکی هەورامان و لە کێوی "شنروێ"ی ئێستادا، هێزێکی نەیار دوایان کەوتوون و هێرشیان کردوونەتە سەر. سوپایەک لەژێر ناوی "چیچەک"، کە پێک هاتبوون لە نەیاران و تاریکپەرستانی ناوچەکە، بە هاوکاری لەگەڵ هێزی پشتیوان کە بۆ پیلانگێری ڕەوانەی دەڤەرەکە کرابوون، ڕووبەڕووی سوڵتان سەهاک و یارانی بوونەتەوە. سوڵتان سەهاک لەگەڵ یارانی پەنا دەباتە ئەشکەوتێک بەناوی "مەڕنۆ" و بۆ ماوەی

سێ شەو و سێ ڕۆژ لەوێ دەمێنێتەوە. لە ئەنجامی هەڵکردنی بـا و بـۆران و گەردەلـوول، سـوپای چیچەک لە پـاش سـێ ڕۆژ تەفروتونا دەبن و لە ئاکامدا بەهۆی ڕووداو و بەڵای سرووشتی، نـاچـار دەبـن نـاوچەکە بەجـێ بهێڵن. سـوڵتان سەهاک، لە بەر ئەوەی سـوپای چیچەک نەیتوانیبـوو بە ئامـانجی خـۆی بگـا و لە پلانەکەیانـدا سـەرکەوتوو نەبـوون، دوای ڕۆژی سێهەم بڕیار دەدا جەژنێک بەڕێوە ببا بە نـاوی جەژنـی "خاوەنکـار". ئەم جەژنە، بە جەژنـی "مەڕنـۆ"یش نـاوبـانگی ڕۆیشتوە. دوای بەڕێوەچوونی جەژنەکە، سـوڵتان و یـارانی درێـژە بە سـەفەرەکەیان دەدەن و دەگەنە هەورامـان و لەوێ دەعـوەتی پـادشـایی بەڕێوە چووە.

**شەهرام سوبحانی**: تایبەتمەندییەکانی ئەم جێژنە چییە؟ و بۆچی زۆربەی خەڵک ئاگاداری حەقیقەتـی ئەم جێژنە نین، و تەنیا وەک جێژنێکی سادە و نەریتی چاوی لێ دەکەن؟

**سـارۆ خوسـرەوی**: دوای گەشەسـەندن و سـەقامگیریی ئیسلام لە کوردسـتان، زۆر لە ئـایین و کولتـووره جیاوازەکـان لەژێـر کـاریگەریی کولتـووری زاڵـدا، بە جۆرێـک لەنێـو چـوون یـان کەمڕەنـگ بـوونەتەوە. لەم نێـوەدا، بەشێک لە بـاوەڕمەنـدانی ئایینییە زاگرۆسییەکان شانبەشانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان، تێکۆشـان و نەچـوونە ژێـر بـاری ئـایینی داسەپاو، بەڵکوو لەسەر ئایینی دێرینی خۆیـان مـانەوە، کە یەکێک لەوانە پێڕەوانـی ئـایینی یـارییە. سەرچاوەی یاسـا و بیـری ئـایینی یـاری دەچێتەوە سەر "مەڕنۆ" و لەوێوە چوارچێوە وەردەگرێ. پاشـانیش خاوەنکـار دەبێـتە چەمکێکـی نـوێ و ژیـان ڕەنـگڕێژ دەکـا و هەوڵ دەدا لە حەقیقەت بگا. بوونی یارسان بە هۆی ئەم ڕووداوەوە، سەلمێندراوە و سوڵتان سەهاک و یـارانی لە پردیـوەری هەورامان، ڕێساویاسای ئـایینی یارییـان داڕشتووە. کۆمەڵگەی یارسـان هەتـا چەنـد سـاڵ پێش ئێسـتا لە ڕووی فەلسـەفی و ئەدەبیاتی باوەڕییەوە شارەزای ڕووداوی مەڕنە و گرینگیی جەژنی خاوەنکار نەبوون، هۆکارەکەشی ئەوە بوو کە پەرتۆکەکـانی ئایینی یاری وەک"سەرنجام و زەبووری حەقیقەت" بە شێوەی گشتی لەبەر دەست نەبوون و زۆرتر لە تەکیە و خانەدانەکانی یارسـان پـارێزراو بـوون، بەڵام لە پـاش چـاپ و بڵاوبـوونەوەی ئەم دوو پەرتـۆکە و هەروەهـا شـرۆڤەی بەشـێکی زۆر لە کەلامەکان، باوەڕمەندانی یارسان باشتر لە گەوهەر و حەقیقەتی خاوەنکار تێگەیشتن.

**شەهرام سوبحانی**: نەریتی بەڕێوەبردنی ئەم جێژنە چۆنـە؟ و فەلسـەفەی بـوونی "هەنـار" یـا "سێوی سوور" و "کەڵەشێر"ێکی تەندروست لەم جەژنەدا چییە؟

**سـارۆ خوسـرەوی**: نەریتـی بەڕێـوەبردنی ئەم جەژنە ئـاوایە کە هەر بنەمـاڵەیەکی یارسـانی لەسـەریەتی کەڵەشێرێکی تەندروست کە بتوانێ بقوولێنێ، لەگەڵ برنج کە بە ڕۆنی خۆماڵی لێنرابێت، بباتە خزمەتـی جەم و جەمخانە هەتـا لەوێ لەلایەن سەیدەوە نزای لەسەر بخوێنرێ و پاشان بە شێوەیەکی دادوەرانە لەنێوان خەڵکیدا دابەش بکرێ. جگە لەو شتانەی

کە لەسەرەوە ئاماژەی پێ کرا، "نیاز"یش دەکرێ لە هەنار، سێوی سوور و چەند شتی تریش پێک بێ و لە جەمدا ئامادە بکرێ. جەمی دابەشکردنی هێز و دەسەڵات، جەمی دابەشکردنی نیاز، جەمی هاریکاری و یەکیەتیی پێک دێ و ئەوجا جەمنشینان سەرقاڵی داگیرساندنی مۆم دەبن و لەگەڵ تەمبووردا کەلام دەخوێنن. لە ڕۆژی جەژندا، یارانی یاری، خۆیان بۆ سەردانی یەکتر ساز دەکەن و ئەندامانی جەمخانەکان بۆ جەژنە پیرۆزە سەردانی یەکتر دەکەن. ئەم نەریتە لە لای گشت ئەندامانی کۆمەڵگەی یارسان، جێگای خۆی گرتووە. لە ڕووی ئایینییەوە، هەنار لە ئایینی یاریدا میوەیەکی تاڕادەیەک تایبەتە و بە هێمای پیرۆزی، یەکبوون و هەرمان چاوی لێ دەکەن. پیرۆزی ئەم میوەیە لە جەژنی سێ ڕۆژەی خاوەنکار یان جەژنی پادشایی یارساندا بە ڕوونی دەبینرێت. هەنار لە دەستپێک تا کۆتایی جەژنی خاوەنکار لە جەم و خەمخانەکانی یارسان وەک نیاز دوعای لەسەر دەخوێنرێت و لە نێوان جەمنشینان دابەش دەکرێت. لە ئەدەبیات و فەلسەفەی باوەڕیی یارساندا، هەنار چەتری یەکبوونە، وەک ئەوەی کە سەدان دانەی هەنار لەناو پێستێکدا یەکیان گرتووە. لە نێوان هەر ڕیزە هەنارێک پەردەیەکی سپی و ناسک هەیە کە ئەو پەردەیە سنووری نێوان چین و توێژەکانی کۆمەڵگە دیاری دەکات، بەڵام لە گەوهەردا هەر هەموویان بەرهەمی یەک دارن و لە یەک سەرچاوە ئاویان خواردووەتەوە. ئەم بیرۆکەیە دیارە لە فەلسەفەی مرۆڤمەداریی ئایینی یاریدا ڕەنگی داوەتەوە. هەروەها لە باوەڕیی یارساندا، کەڵەشێر هێمای ئاگایی و بێداریی کۆمەڵگەیە بۆ شۆڕش و تێکۆشان و پێشکەوتن. تەندروستی کەڵەشێر بۆ ئەوەیە بتوانێ بخوێنێ و کۆمەڵگە وەخەبەر بێنێ. سێویش وەک میوەی ئەوین و پەیمانی دۆستایەتی لە جەمی یاریدا دابەش دەکرێت.

**شەهرام سوبحانی**: گرینگی جەژنی "خاوەنکار" بۆ گەلی کورد بە گشتی چییە؟

**سارۆ خوسرەوی**: فەلسەفەی خاوەنکار، لەدەوری یەک کۆمان دەکاتەوە، بۆ پارێزگاری لە شوناس و فەرهەنگ و شارستانییەتی خۆمان. خاوەنکار، تێکۆشانی سەرمەستانە و هێمای بێداری گەلە لە بەرانبەر داگیرکەران و نەیاران لەسەر خاکی کوردستان. گەلی کورد پێویست دەکات وەک فەلسەفەیەکی مەعنەوی و سیستەمی فیکری چاو لە جەژنی خاوەنکار بکات و بەدەر لە مەسەلەی ئایینی، خاوەنکار وەک بزووتنەوەیەکی فیکری و بەشێک لە شکۆ و شانازییەکانی مێژووی خۆی بزانێت.

**شەهرام سوبحانی**: کاک سارۆ سپاس بۆ بەشداریتان لەم دیمانەیەدا و ماندووش نەبن

**سارۆ خوسرەوی**: سپاس بۆ بەڕێزتان ئێوەش ماندوو نەبن.

٣٠ی خەزەڵوەری ٢٧٢٤

## ڕیوایەتی شەوچلە لە فەرهەنگ و باوەڕی کورداندا




شەوچلە بۆ زاگرۆسنشینان، شەوێکی فەرهەنگی و نەریتێکی کەونارایە. خەڵک لە شەوچلەدا لە دەوری یەک کۆبوونەتەوە و جەژنیان کردوە تا ڕۆژ بێتەوە و پێشوازی لە خۆر بکەن.

دانیشتووانی زاگرۆس، ژیان و گوزەرانیان پەیوەست بووە بە کشتوکاڵەوە. لە دوای شەوێکی دووردرێژ، هەمدیسان خۆر لە زەویی کشتوکاڵییان دەدرەوشێتەوە و دەبێتە هۆی وزەی زۆرتری بەرهەمە کشتوکاڵییەکانیان، هەر بۆیە لە شەوچلەدا بەرهەمی ڕەنجی خۆیان لەسەر سفرە دادەنێن و ئەمەگناسیی خۆیان بۆ کۆرپەی زەوی و ڕووناکی و گەرمیی خۆر پێشان دەدەن.

لەگەڵ بڵاوبوونەی ئایینی میترا، ئەم نەریتە بە دنیادا بڵاو بووەتەوە. لە نەریتی شەوچلەدا، خەڵک لە درێژترین شەوی زستاندا کۆ بوونەتەوە. ئەو شەوە، زەوی ئاوس بووە بە میتراوە، میترا لە ئەدەبیات و فەلسەفەی باوەڕیی دانیشتووانی زاگرۆسدا، خوادایک و هێمای خۆر و ڕووناکییە.

گردبوونەوە لە دەوری یەک و خواردنی میوە و چەرەزات لە شەوی چلەدا، بە واتای کۆبوونەوەی زەوییە بۆ لەدایکبوونی

کۆرپەیەک کە دەبێتە هێما و سەرچاوەی گەرمی و ڕووناکی.

بەو جۆرەی باسی لێوە دەکرێت، لە سەرەتاکانی زاییندا، ئایینی مێهر گەیشتووەتە ئورووپا. یەکەم جار ڕۆمییەکان کولتووری ئایینی مێهریان قەبوڵ کردوە و ڕۆژی لەدایکبوونی میترایان لەگەڵ ڕۆژی لەدایکبوونی عیسا مەسیح لە کات و زەمەنێکی دیاریکراودا گونجاندوە. ئایینی میترا، بە هۆی شەڕی درێژخایەنی نێوان ئێران و ڕۆم، لە لایەن سەربازە دیلەکانی ڕۆم کە دواتر گەڕاونەوە بۆ وڵاتی خۆیان، گوازرایەوە بۆ ڕۆم و لە قۆناغێکدا بووە بە ئایینێکی جیهانی.

یەکێک لە پەیامە گرینگەکانی شەوچلە، کۆبوونەوەی خێزانییە. لە شەوچلەدا خوانچە دەکرێتەوە و میوە و چەرەزات لە سەر سینی ڕوو دەکرێت بۆ پێشوازی و بەرزڕاگرتنی ئەو شەوە. کۆبوونەوە لە شەوچلەدا بۆ ئەوە بووە، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بەهێزتر و بەردەوام بێت.

پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و ئیرادەی جەم، یەکێک بووە لە هێما بەرچاوەکانی ئایینی میترائیزم.

**ئایینی میترائیزم کۆنترین ئایینی کوردە کە ئێستایش پەرستگەکەی لە کەنگاوەڕ لە دەڤەری شاری کرماشاندا ماوە. وشەی میترا، واتای "ئەڤین" و "پەیمان" دەگەیەنێت. ئەم خودایە پێشتر خودای خۆر و ڕووناکی بووە و دواتر بە پارێزەری ئاسمان و زەوی ناسراوە.**

هەتا ئێستا زۆرێک لە یارسانییەکان، خۆر بە یەکێک لە هێما پیرۆزەکانی ڕیشەی ئایینەکەیان کە میترائیزمە، دەزانن و سوێندی پێ دەخۆن، وەک ئەوەی کە دەڵێن: "وەی خوەر نازارە قەسەم."

وەک دەڵێن، ئایینی مێهر یان میترا چەقی هەموو شتێک لە زەمیندا دەبینێت و لە مرۆڤدا کۆی دەکاتەوە، بە تایبەت لە ژندا، لەبەر ئەوەی میترا خوادایک بووە. ئەم ئایینە بە دنیادا بڵاو بووەتەوە و پەرەستگاکانی گەیشتووتە ڕۆم، ئیسپانیا، ئاڵمان و زۆر وڵاتی دیکەی دنیا. وەک گوتمان، ئایینی میترا لە سەروبەندی لەدایکبوونی عیسای مەسیح بە دنیادا بڵاو بووەتەوە و تێکەڵ بە کولتووری ئایینیی وڵاتان بووە. کاریگەریی ئایینی مێهر لەسەر جەژنی کریسمس بە ڕۆشنی دەبینرێت. ئایینی مەسیحی، زۆر یاسا و ڕێسای لە ئایینی میترا وەرگرتوە. کلێتەکەی بابا نوئێل، جەژنی هۆڵۆوین، ڕۆژی لەدایکبوونی عیسا، واتا ٢٥ی دێسامبر کە ڕۆژی لە دایکبوونی میترا بووە، ڕەنگکردنی هێلکە، کە هێشتا لە کوردستان باوە، بەشێک لەو بابەتانەیە کە مەسیح لە میترا وەریان گرتوە. هەروەها هێمای ڕەنگی سوور لە شەوچلەدا، زۆر گرینگ و واتادارە. زۆربەی ئەو میوەگەلەی لە شەوچلەدا دادەنرێن، ڕەنگیان سوورە. جلوبەرگ و کڵاوی "بابانۆئێل"یش کە بەشێکی سوورە، لە هێما



سەرچاوە Serchawe

سوورەکانی میترا وەرگیراوە. واتە، ئایینی مێهر کاریگەریی هەیە لەسەر ئایینی مەسیحییەت. هەنار کە لە شەوچلەدا دەخورێ، هێمایەکی گرینگە لە فەرهەنگی زاگرۆس و ئایینی مێهردا و تا ئێستاش وەک هێمای پێکەوەژیان لە ئایینی یاریدا پارێزراوە.

ژمارەی چل لە زمانی کوردی و لە ئەدەبیاتی باوەڕیی و ئایینی زاگرۆسییەکاندا، پیرۆز بووە. بە تایبەت لە ئایینی یاریدا زۆر ژمارەیەکی پیرۆزە و چەندین شوێن و هێمای یارسانییەکان بە ژمارەی چل دەست پێ دەکات، لەوانە دەتوانین ئاماژە بکەین بە "چلتەن، چلتەنان و هەروەها چلانە" کە ناوی کانییەکە لە نزیکی مەزاری باوایادگار لە دالاهۆ هەڵکەوتوە.

هەنار، نمادی دەوڵەتی مادە. لە میتۆلۆژیای زاگرۆسدا، دانەکانی نێو هەنار، هۆزەکانی مادن، پەردە تەنکەکانیشی بە واتای سنوورەکانی نێوان هۆزەکانی مادن. نووکی هەنار هێمای تاجی پادشایی مادەکان بووە. سووریی هەناریش هێمای لەدایکبوونی میترایە.
لە جەژنەکانی یارساندا، هەنار وەک هێمایەکی گرینگ دەبینرێت، کە دیارە لە کولتووری میتراوە وەک میرات بۆیان بەجێماوە. هەنار هەر لە ئەدەبیات و فەلسەفەی باوەڕیی یاریدا پیرۆزە و بە واتای یەکیەتی و یەکبوونە. زاگرۆسنشینان بەردەوام گرینگیان بە بەروبۆمی کشتوکاڵ داوە بۆ درێژەدان بە ژیان و دەربازبوونیان لە زستانە سەختەکانی ساڵ. لەوێدایە میوەیەک وەک هەنار واتا پەیدا دەکات و دەبێتە هێمان یەکبوون و مانەوە.

بە پێی توێژینەوەی توێژەرانی کورد و بیانی، چیاییەکان بەردەوام ڕووبەڕووی واقعیکی سەخت بوونەتەوە، بۆیە پێویستیان بەوە بووە بۆ درێژەدان بە ژیان و سەرکەوتن بەسەر سەختییەکاندا داهێنان بکەن و هێما بخوڵقێنن. ئەگەر هێزی داهێناو و هێما نەبووایە، چیانشینەکان چۆن دیانتوانی بۆ ماوەی شەش مانگ بەرگەی سەرمای سەختی زستان بگرن.

لە شەوچلەدا، خەڵک لەدەوری ئاگر کۆبوونەتەوە و چیرۆک و ئەفسانە و شانامەیان خوێندووەتەوە. ڕێوڕەسمی شەوچلە، لە درێژترین شەوی زستاندا دەست پێ دەکات و تا بەرەبەیان درێژەی دەبێت. کۆبوونەوەی خەڵک و درێژەکێشانی ئەو شەوە بۆ ئەوە بووە، یارمەتیی زەوی بدەن تاکوو کۆرپەکەی لەدایک بێت، کە دیارە لێرەدا مەبەست لە کۆرپەی زەوی، لە دایکبووبنی ڕووناکییە. بەیانییەکەی کە ڕۆژ دەبێتەوە، پێی دەگوترێت ڕۆژی یەکسانی. لەو ڕۆژەدا پاشاکانی زاگرۆس دەستبەرداری دەسەڵات بوون، بۆ ئەوەی کۆمەڵگە یەکسان بێت. هەر لەو ڕۆژەدا کوژرانی هەموو جۆرە باڵندە و ئاژەڵێک قەدەغە کراوە. لە ڕێوایەتەکاندا هاتووە، دەڵێن ئەگەر یەکەمین ڕۆژی چلە بەفر بباریبا، ئەو ڕۆژە ڕۆژی خێر و بەرەکەت بووە.

خواردنە سەرەکییەکانی سەر سفرەی شەوچلە, جگە لە هەنار، چەرەزات و میوەی وشککراو، دانوولە و گەنمەکوتاو لەگەڵ

دۆڵمە بە گەڵامێو بوون. گرینگیدان بە خواردن لە شەوچلەدا بۆ ئەوە بووە تاکوو بە هێزی سەروە نیشان بدەن کە خەڵک ئەوەندە خۆیان ئامادە کردوە بتوانی شەڕی ئەم زستانە سەخت و باردە بکەن.

**ئەنجام:**

کورد ڕیشەی لە زگرۆسە و خاوەنی شارستانیەتی خۆی بووە، بۆیە بە دووری دەزانم لە خەڵکی دیکەوەرە کولتووری شەوچلەی وەرگردبێت.

بەکورتی، ڕیشەی جەژنی شەوچلە لە نێو دڵی زەنجیرە چیاکانی زاگرۆسەوە سەریهەڵداوە، چوونکە ئەم جەژنە پەیوەندی بە لەدایکبوونی میتراوە هەیە. هەر بۆیە زۆر گرینگە کورد باوەڕ بە خۆی بێننەوە کە جەژنی شەوچلە بەر لە هەر گەل و نەتەوەیەک، بۆنە و یادی ئەوان بووە.

**سەرنج:**

یەلدا وشەیەکی سریانییە و بە واتای لەدایکبوونە. وشەی یەلدا زۆر لە یوولی سوێدییەوە نزیکە کە دەبێتە ڕۆژی لەدایکبوونی عیسا مەسیح و سەرەتای وەرزی زستان. وشەی یەلدا لە فەرهەنگی کوردەواریدا تازەیە کە بە هۆی بەرفراوانبوونی پێوەندییەکان لە کوردستان و ناوچەکە بە گشتی برەوی پەیدا کردوە و جێگای وشەی شەوچلەی کوردی گرتووەتەوە. بۆ کورد وشەی شەوچلە واتادارە، لەبەر ئەوەی ئەم بۆنەیە پەیوەستە بە ئایینی میتراوە لە زاگرۆسدا. لە دێرزەمانەوە لە هەموو جوگرافیای کوردستاندا، هەر بە شەوچلە ناوبانگی ڕۆیشتووە، بۆیە باشترە گەلی کورد هەر ناوە کوردییەکەی خۆی بەکار بێنێت.

**سەرچاوەکان:**


- ئایینی یاری، د. حسێنی خەلیقی
- پژوهشی در شەوچلەی کورد، آژوان رازیانی
- شب یلدا از کجا شروع شد؟، ابراهیم دبیری
- تاریخ جشن کریسمس، ن: تحریریە فایناداتو
- جشن شب یلدا، حمید سفیدگر شاهنقی
- آیین یارسان در اساطیر اقوام کرد: منصور یاقوتی


١ی بەفرانباری ٢٧٢٤

## نەریتی (گاڤارەوەکووڵ) یان (داڵگەوەهار) لە فەرهەنگی کوردانی یارساندا



لە دێرزەمانەوە ئەفسانە و ئوستوورە، لەگەڵ دنیابینیی مرۆڤەکان و لە فەرهەنگە جیاوازەکاندا لە پەیوەندیدا بووە و ڕەگ و ڕیشەیان لە باوەڕ و فەلسەفەی قووڵی کۆمەڵگەدا داکوتاوە. لەگەڵ تێپەڕینی ڕۆژگار، مرۆڤی سەردەم بۆ تێگەیشتن لە ژیار و شارستانییەتی خۆی، پەنای بردوە بۆ ئوستوورە و ئەفسانەکان.

ئوستوورەی (گاڤارەوەکووڵ، یان داڵگەوەهار) گەلێک ساڵە لە دەڤەری کرماشان و بە تایبەت لە فەرهەنگ و ئەدەبیاتی باوەڕیی کۆمەڵگەی یارساندا باو بووە و نەوە لەدوای نەوە تا ڕۆژگاری ئەمڕۆ ڕێوایەت کراوە و ساڵانە بەم بۆنەیەوە جەژن و ڕێوڕەسمی تایبەت بەڕێوە دەچێت. ڕێوڕەسمی گاڤارەوەکووڵ، هەموو ساڵێک لە دەستپێکی مانگی ڕێبەندان و لە بەرەبەری بەهاری کوردیی گەرمێن، لە ناوچەی (کرند) سەر بە شارستانی دالاهۆ بەڕێوە دەچێت.

ڕێوڕەسمی گاڤارەوەکووڵ، لەڕووی کۆمەڵایەتی، مەعنەوی و ئوستوورەییەوە جێگای بایەخە. ئەم نەریتە ڕیشەی قووڵی و پرواتای لە ئەدەبیاتی باوەڕیی یارسان و فەرهەنگی کەونارى زاگرۆسدا هەیە.

بە پێی ڕۆژژمێری کوردیی گەرمەسێر، دوازە ڕۆژ بمێنێت بە دەسپێکی بەهاری کوردی، وەک دەسپێکی وەرزی هەناسەکێشانی

زەوی و دەرکەوتنی نیشانەکانی بەهار، یارسانییەکان، بۆ پێشوازی لە گاڤارەوەکوول (داڵگەوەهار)، ئاشی دانەکولانە ئامادە دەکەن. لە فەرهەنگی دووروودرێژی ئەو خەڵکەدا باوە کە میوانێکی ئوستوورەیی بەناوی (گاڤارەوەکوول) کە موژدەی هاتنی بەهاری پێیە، دەمەو بەیان دێت و دەگەڕێت بە ماڵاندا و ئاشی دانەکوولانە دەخوات و لەگەڵ خۆی بەرکەت بۆ خەڵک دێنێت.

دانەکولانە، پێکهاتەیەکە لە نیسک، نۆک و گەنم، کە بەرهەمی ڕەنج و ماندووبوونی جووتیارانە. لە ڕێوایەتی پیرانی یارساندا هاتوە، ئەگەر گاڤارەوەکوول بێت و لە دانەکولانەکە بخوات، زەوی جووتیاران و باخداران بەپیت و بەرەکەتر دەبێت. ئەو شەوەی کە گاڤارەوەکوول دێت، خەڵک تا بەیانییەکەی وجاخی ماڵەکانیان ڕۆشن دەبێت، بە ئاواتی ئەوەی ڕۆشنی و ڕەنگینیی بەهار ڕوو لە ماڵ و ژیانیان بکات.

لە فەرهەنگی باوەڕیی یارساندا، گاڤارە، هێمای مەعنەوی زاوزێ، پاکی و بەردەوامیی ژیانە. هەروەها هێمایە بۆ یەکیەتیی کۆمەڵگە و قبووڵکردنی بەرپرسایەتی لە بەرانبەر نەوەکانی داهاتوودا.

لە ڕێوڕەسمی گاڤارەوەکووڵدا، کاڤارە وەک هێمایەکی مەعنەوی ئامادە دەکرێت، ژنان و کچان گاڤارەکە لە گاڤارەوەکوول وەردەگرن و بۆ خۆیان لە کوڵی دەگرن و هاوڕا لەگەڵ ئەندامانی دیکەی کۆمەڵگە، بە گەڕەک و کۆلانەکانی شاردا دەیگەڕێنن و لە هەر کۆلانێک وچانێک دەدەن و هەمدیسان درێژە بە گەڕانەکەیان دەدەن. پاشان دانیشتووانی گەڕەک، بە ئاشی دانەکوولانە، پێشوازی لە گاڤارەوەکووڵ و میوانەکان دەکەن. نەریتی گاڤارەوەکووڵ، کۆمەڵگە لە دەوری یەک کۆ دەکاتەوە و پەیمانی هاودڵی و دۆستایەتی لە نێوانیاندا دروست دەکات. هەروەها لە ڕووی کۆمەلایەتییەوە، کۆمەڵگە ڕێک دەخات و بۆ پێگەیاندنی نەوەکانی داهاتوو ئەرکداری دەکات.

لە ڕێوڕەسمی گاڤارەوەکووڵدا، خەڵک بە نۆرە و هەندێ جار بەکۆمەڵ گاڤارەکە هەڵدەگرن و دەیگەڕێنن، ئەم نەریتە ئاماژەیەکە بە تێکۆشانی هەرەوەزی و ڕۆحی هاوکاری لە نێوان ئەندامانی کۆمەڵگە. هاوکات پەیامێکە بۆ دواڕۆژی ڕوون و پڕ لە بەرەکەت بۆ نەوەکانی داهاتوو. هەروەها لەکۆڵگرتنی گاڤارە، دەتوانێت جۆرێک لە پەیوەندیی مەعنەوی و دیرۆکی لەگەڵ کۆمەڵگەی سەردەم.

گرینگترین پەیامی ڕێوڕەسمی گاڤارەوەکوول، گونجاندن و پێکەوەهەڵکردنی کۆمەلایەتی و پێکەوەژیانی ئاشتییانە و قبووڵکردنی بەرپرسایەتییە لە بەرانبەر کۆمەڵگە و نەوەکانی داهاتوودا، ئەو نەوانەی کە لەم گاڤارەیەدا گەورە دەبن و ڕێی ڕووناکی ژیان دەگرنەبەر. کاتێک گاڤارەوەکووڵ وەک ئوستوورەیەک لە ئەزەڵەوە دێت و موژدەی بەهار لەگەڵ خۆی

دێنێت، خەڵک لە پێشوازیدا، بە پێشکەشکردنی ئاشی دانەکولآنە، شوکرانەبێژیی خۆیان بۆ بەرەکەتی بەهار نیشان دەدەن. نەریتی گاڤارەوەکووڵ، ئەوەمان پێ دەڵێت کە ئێمەی مرۆڤ بەردەوام وەک منالێک کە تازە لەدایک دەبێت و گەشە و نەشە دەکات، گەرەکە بە پێی ڕۆژ و وەرزەکانی ساڵ، گۆڕانکاری لە ژیانی خۆماندا دروست بکەین و گرینگی بە تازەبوونەوە و پێشکەوتنی ژیان بدەین.

-----

**سەرچاوەکان:**


- آئین های فولکلورد در تاریخ کورد، سید محمد حسینی
- گڤاره وکول، جشنی برای فرارسیدن بهار، عزیز مصطفایی
- ڕێوایەتی هەندێک لە بەساڵاچووانی یارسانی لە دەڤەری دالاهۆ


٦ی ڕێبەندانی ٢٧٢٤

# کورد و کوردستان لە دەقە ئاینییەکانی یارساندا




(بەشی یەکەم؛

سەرهەڵدانی ئایینی یاری، کۆچ و گوشار بۆ سەر یارییەکان)

## دەسپێک:

کاتێک باس لە چەمکی یارسان دەکەین، زۆر گرینگە پشت بەو دەقانەی ئایینی یاری ببەستین کە وەک میراتی ماددی و مەعنەوی بۆمان بەجێ ماون. ئەگەریش گومانمان لە کەلام یان دەقێکی یارسان هەیە، دیسان هەر دەبێت بەبەڵگەوە ڕوونی بکەینەوە، لە چ دەورانێک و بەچ هۆکارێک گۆڕانکاری لە دەقە ئایینییەکاندا ڕووی داوە. من بڕوام وایە، لێکدانەوە و شرۆڤەی دەقەکانی یارسان بە ڕوانگەی سیاسی و بە ئارەزووی تاکەکەسی، گونجاو نییە و دوورە لە خوێندنەوەیەکی زانستی.

زۆر پێویستە لە ڕووی مێژووی، هەڵکەوتەی جوگرافی، زمان، ڕەگەز و پاشخانی ئایینی و فەرهەنگییەوە، لێکدانەوەی ورد بۆ مێژوو و دونیابینی و دۆخی یارسان لە دەورانە جیاوازەکاندا بکرێت. من وەک کەسێکی یارسانی کە ساڵانێکە سەرقاڵی

توێژینەوەم لەبارەی مێژوو، فەرهەنگ و ئەدەبیاتی باوەڕی یارسان، هەوڵ ئەدەم بەپێی دەرفەت و تێگەیشتنی خۆم و بە پشتبەستن بە چەند دەقێکی کەلام لە ئایینی یاری، ڕۆشنایی بخەمە سەر پەیوەندی نێوان یارسان و چەمکی کوردبوون.

## سەرهەڵدانی ئایینی یاری و بزووتنەوەی یارسان

لەپاش سەرهەڵدان و زاڵبوونی ئیسلام بەسەر ئێران و کوردستاندا، زۆربەی چەمکە فکری و فەلسەفییەکان کە هەڵگری ڕوانگە و دونیابینیی بزووتنەوە ئایینی و کۆمەڵایەتییەکانی زاگرۆس بوون، لەناو چوون، بەڵام بزووتنەوەی یارسان بە پشتبەستن بە فەرهەنگی بەرخۆدانی سەدان ساڵەی خۆی، توانی لە چوارچێوەی ئاییـنی یاریدا، شوناسی ڕاستەقینەی کوردان بپارێزێت و وەک میراتێکی ماددی، فەرهەنگی و مەعنەوی، بۆ نەوەکانی دوارۆژی نیشتمانی ڕاگوێزێت. ئاییـنی یاری، لە سەر خاکی کوردستان و لەژێر دەسەڵاتی میرنشینەکانی کورددا و لە سەردەمی دەسەڵاتدارانی ئیسلامدا بەفەرمی ئاشکرا بوو. یارسان، بەها کۆمەڵایەتی و مرۆییەکانی لە تێرامان و فەلسەفەی ئاییـنیی خۆیدا پاراستووە و تا ڕۆژگاری ئەمڕۆ پەرەی پێ داوە. لە گەوهەری کەلامەکانی یاریدا، فەرهەنگ و ژیاری بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی زاگرۆس وەک بەشێکی گرینگ و پڕبایەخ لە مێژووی ڕاستەقینەی کوردان، جێگای باس و تێڕامانە.

یارسانییەکان لە دوای ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی ساسانی و زاڵبوونی دەسەڵاتی سیاسیی ئیسلام لەسەر خاکی نیشتمانی کوردان، وێڕای بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەی ئێران و کوردستان، دژ بە داگیرکاریی دەسەڵاتدارانی ئیسلامی سیاسی تێکۆشاون.

بەپێی بەرهەم و نووسراوەکانی یاری، لەپاش داگیرکردنی ئەو ناوچانەی یارسانییەکان تێیدا ژیاون، پێشەنگانی بزووتنەوەی یارسان بۆ بنیادنانەوەی ناسنامە و پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانی پێش ئیسلام، ژمارەیەک بزووتنەوەیان دروست کردووە کە دیارترینیان بریتی بوون لە: بزووتنەوەکانی بابا سەرهەنگ دەودانی لە سەدەی ١٠ی زایینی و شاخوشین لوڕستانی لە سەدەی ١١ی زایینی. درێژەی بزووتنەوەکانی یارسان دواجار پەیوەست بووە بە سەردەمی سوڵتان سەهاک بەرزنجی لە سەدەی ١٣ی زایینی. سەرهەڵدان و بڵاوبوونەوەی ئاییـنی یاری لە چوارچێوەی گرێبەستێک لەژێر ناوی (بیاوبەس) لە پردیوەری هەورامان، یارسانی کردە خاوەن سیستەمی پیر و پادشایی، بۆ ئەوەی بتوانێت بە شێوەی ڕێکخراوەیی ڕێبەرایەتیی کۆمەڵگە بکات. بەپێی گرێبەستی بیاوبەس، بنەما فکرییەکانی یاری و ئامانج و میتۆدی ڕێبەرایەتیی کۆمەڵگە لە ڕێگەی سیستەمی شورایی "پیر و پادشا" دیاری کراوە.

خەبات و خۆڕاگریی یارسانییەکان بۆ پاراستنی شوناسی فەرهەنگی و ئایینی، کە گەوهەری فەرهەنگی نەتەوەی کوردە،

پشتی بەو چەمک و ڕێبازانە بەستووە کە پێش لە هاتنی ئیسلام لە زاگرۆس باو بوون. لە نیزامی پیر و پادشایی یارساندا، ڕێنێسانسی فکری بۆ چاکسازیی کۆمەڵایەتی، پێناسەی دروستی ئەخلاق لە بەها و پێگەی مرۆڤ لە گەوهەر و بنەوای ئایینی یاری واتە (پاکی، ڕاستی، نیستی و ڕەدا) ڕۆشنایی خراوەتە سەر و لە بواری کردارییەوە کاری لەسەر کراوە. هەوڵدان بۆ دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، یەکسانی لەنێوان ژن و پیاو و خۆبەڕێوەبەری لە نیزامی یاریدا، خاڵگەلی گرینگ و جێگای بایەخ بوون.

پرۆژە و بەرنامەی نیزامی پیر و پادشایی، لە پەیمانی پردیوەردا، وەک ئەرک لە ٧٢ شەرتدا دیاری کراوە و لە ڕێگەی جەم و (گرووپ و ئەنجومەن)وە خراوەتە بواری جێبەجێکردنەوە. لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمدا، سەید براکەی گۆران وەک دوایین میراتگری ئایینی یاری دەرکەوتووە. بەو جۆرەی گەورەکانی تەکیەی گۆران باسی لێوە دەکەن، لە سەردەمی سەید براکەدا، بناغە فکرییەکانی ئایینی یاری کە لە پەیمانی پردیوەر داڕێژراون، پارێزراون و لە ڕێگای ٣٦ هەڵبەستوانی سەر بە تەکیە، هەوڵی تاوتوێکردن و تێگەیشتنیان دراوە.

## یاری و یارسان لە پێناسەی کوردبووندا

لە ئایینی یاریدا گەلێک نیشانە و ڕیوایەت هەن کە پەیوەندییان بە سروشت و ژینگەی کوردستانەوە هەیە. بەتایبەت چیا و ڕووبارەکان وەک سەرچاوەیەک کە بوونی کوردانیان پاراستووە، زۆر جێگای سەرنجن. بەرخۆدانی سوڵتان و یارانی لە چیای شنروێ، هەڵبژاردنی پردیوەر لە هەورامان بۆ ڕاگەیاندنی ئایینی یاری، چیرۆکی بەیەک گەیشتنی سوڵتان و یارانی لەسەر چیای شاهۆ، گواستنەوەی نیزامی پیر و پادشایی لە هەورامانەوە بۆ دالاهۆ، لەو شوێنانەی کوردستانن کە لە ئایینی یاریدا وەک شوێنی پیرۆز ناویان لێ هاتووە.

لە پەیوەندی لەگەڵ گرینگیی کورد و کوردستان و ئایینی کوردان، چەندین دەقی کەلام لە سەرنجام و دەفتەری شاعیرانی دەورەی سید براکەی گۆراندا هەیە کە بە پێویستی دەزانم ئاماژە بە چەند دانەیەکیان بکەم. تا ئەو جێگایەی من زانیارم هەیە، لە چەند دەقی کەلامدا، لە سەردەمی (بالوول زانا) تا دەگاتە سەردەمی (سەید براکەی گۆڕان) جەخت لەسەر وشەی کوردی و کوردستان کراوەتەوە.

**یەکەمین کەسایەتییەک کە باسی لە یارسان کردبێ بالوولی زانایە کە لە سەدەی دووهەمی کۆچی مانگیدا ژیاوە. ئەو لە کەلامێکدا ئاماژە بە ئایینی کوردان دەکات و دەڵێ:**

**ئەو واتەی یاران، ئەو واتەی یاران**

ئیمە دێوانەین، ئەو واتەی یاران
هەنی مەگێڵێین یەک یەک شاران
تا زندە کەریم ئایین کوردان

جێگای باسە لە نووسخەیەکی جیاوازدا، لەباتی ئایینیی کوردان، ئایینی ئێران هاتووە. بەڕای من، ڕێیی تێ ناچێت ئەمەیان دروست بێت، لەبەر ئەوەی ئەگەر لە ڕووی مێژووییەوە چاوی لێ بکەین، ١٢٠٠ ساڵ پێش ئێستا، وڵاتێکی یەکدەست و قەوارەیەکی سیاسی وەک ئێران لە ئارادا نەبووە کە خاوەن ئایینێکی گشتگیر و فەرمی بێت، تاکوو بالوول شاهیدی بۆ بدات. خۆ ئەگەر مەبەست لە ئایینی ئێران "زەردەشت" بێت، ئەوا ناوی فەلاتی ئێران لە سەردەمی ساسانییەکان بەتەنیا ئێران نەبووە، بەڵکوو "ئێرانشار" بووە. باوە سەرهەنگی دەودانی،

زانای گەورەی یارسانی، لە سەدەی چوارم، موژدەی سەرهەڵدانی ئایینی کوردان، واتە ئایینی یاری دەدات و دەڵێت:

سەرهەنگ دەودان، سەرهەنگ دەودان
ئەز کەناممەن سەرهەنگ دەودان
چەنی ئێرمانان مەگێڵم هەردان
مەکۆشم پەرێ ئایین کوردان

کەسایەتی و زانای گەورەی یارسانی، شاوەیس‌قولی لە سەدەی نۆیەمی کۆچی، بەم جۆرە شاهیدی بۆ کوردبوونی خۆی وەک یارسانییەک دەدات و دەڵێت:

ئەسڵ من جە کورد، ئەسڵ من جە کورد
بابۆم کوردەنان، ئەسڵ من جە کورد
من ئەو شێرەنان، چەنی دەستەی گورد
سلسلەی سوپای، زوحاکم کرد هورد

سوڵتان سەهاک کە دەبێتە دامەزرێنەری بناغەی فکری و نیزامی پیر و پادشاییی یارسان، لە سەدەی حەوتەمی کۆچی مانگی، جەخت لەسەر کوردبوونی خۆی دەکاتەوە و دەڵێت:

ئەسڵمەن جە کورد، ئەسڵمەن جە کورد
ئەز کوردێوەنان، ئەسڵمەن جە کورد

ئەز ئا بەورەنان شێر مەکردم ورد
سەرخێڵ خێڵان، مێردان کردم گورد

کەسایەتیی گەورە و یاری نزیکی سوڵتان سەهاک، واتە پیر میکائیل دەودانی لەدایکبووی ٦٥٨ی کۆچی، "شا"کەی خۆی لە دوونی پێشوو وەک کوردێکی ئازا وێنا دەکات و دەڵێت:

نەوزەرشای کەیان، نەوزەرشای کەیان
شام بی نە ئەو دەم نەوزەرشای کەیان
شام بنیامین بی چەوگا نەو زەمان
وێنەی کورد گورد مەشی نە مەیدان

پیری گەورە و زانای یارسانی پیربنیامین لە سەدەی حەوتەمی کۆچی مانگی، بەبۆنەی لەدایکبوونی باوە یادگار، باس لە خەڵاتی خودڕەنگی سوڵتان سەهاک بۆ ناوبراو دەکات و بەم جۆرە کورد و کوردستانی خەڵات دەکات و دەڵێت:

عەلەم قودرەت ناجی بی وەپا
بەرگ خودڕەنگی یادگار پۆشا
غوڵامان دیشان وە معجزاتەش
بەرگ خودڕەنگی بی وە خەڵاتش
تەمام کوردستان دا وە بەراتش
پەی علم و قودرەت، پەی موعجزاتەش
یەکسەر کردەوە کورد و کوردستان
هەم وە موعجزات، هەم وە سفرە و خوان

یان لە کەلامێکی هاوشێوەدا هاتووە کە دەڵێت:

یادگار نە تەنوور وریزا وەپا
وە لەفز شیرین سڵام داوە شا
بەرگ خودڕەنگی یادگار پۆشا
غوڵامان دیشان شا پەنەش بەخشا
بەرگ خودڕەنگی کرد وە خەڵاتش
کورد و کوردستان دا وە بەراتش

هەروەها کەسایەتیی دیار و زانای یارسانی، نەورۆز سۆرانی کە یەکێک بووە لە یارانی تەکیەی سەید براکەی گۆران، لە کەلامێکدا بە شانازییەوە باس لە کوردبوونی خاوەنکەرەمی خۆی دەکات دەفەرموێت:

دڵە تو کوردی
دڵە تو مەیلان مەحەلەی کوردی
دەر مەیدان یار گرەوی بردی
پیاڵە نە زەهر حەڵاڵ خوردی

## هەورامان، لانکەی سەرهەڵدان و سەقامگیریی ئایینی یاری

سوڵتان سەهاک لە بنەماڵەیەکی سوننەی شیخانی بەرزنجەی دەڤەری پارێزگای سلێمانی بوو، بەڵام بەهۆی ناکۆکیی فکری لەگەڵ کوردانی موسڵمان، نەیتوانیوە لەوێ ئایینی یاری دامەرزێنێت، بۆیە پەنای بردووە بۆ ناوچە شاخاوییەکانی هەورامان کە پاشماوەی فەرهەنگی ئایینە کۆنەکانی میترایی و زەردەشتی لێی بووە. هەڵبژاردنی هەورامان بۆ ئاشکراکردنی ئایینی یاری بە هەڵکەوت نەبوو، بەڵکوو بە بەرنامە بووە.

هەورامان هەر بەتەنیا شوێنی سەرهەڵدان و سەقامگیریی ئایینی یاری نەبووە، بەڵکوو دانیشتوانی ئەم ناوچەیە لە دەستپێدا باشتر لە هەر پێکهاتەیەکی دیکەی کوردستان لەگەڵ زمان و گەوهەری ئایینەکە ئاشنا بوون و مامەڵەیان لەگەڵ کردووە، لەبەر ئەوەی هەورامییەکان درەنگتر لە ناوچەکانی دیکەی کوردستان ئایینی ئیسلامیان قەبووڵ کردووە. هەروەها بەشێکی بەرچاو لە پیر و کەسایەتییە دیارەکانی یارسان بۆ خۆیان هەورامی بوون.

کاتێک سوڵتان سەهاک و یارانی ناوچەی هەورامانی لهۆن و دێی پردیوەر لە نێوان پاوە و نەسوود هەڵدەبژێرن بۆ ڕاگەیاندنی ئایینی یاری، ئیتر کەعبەی گەورەیان دەبێتە پردیوەری هەورامان،

وەک ئەوەی کە پیرمەنسوور شووشتەری شاهیدی بۆ دەدات و دەڵێت:

ئەو کابەی ئەعزەم، ئەو کابەی ئەعزەم
بارگە شام وەستەن، ئەو کابەی ئەعزەم
کابەم پردیوەر، سوڵتان سەرجەم
یاران نە جەمدا، دڵ بارن وە هەم

سوڵتان سەهاک لە ئەوەڵین بانگەوازی خۆیدا، لە هەورامان جارِی ئاییینی یاری دەدات و داوا لە هەموو دانیشتوانی ئەو دەڤەرە دەکات بێن بۆ پردیوەر و ڕوو لە ئاییینی کوردان (یاری) بکەن،

بۆیە لە کەلامێکدا دەڵێت:

ئێوەت حەشار، ئێوەت حەشار
جارِ یاری دەر، ئێوەت حەشار
شێخان و حورین و بەرزنجە و هاوار
هێرویَ و شۆشمێ و بەیان و تەشار
نەوسوود و پاوە، کول ئێڵ و تەبار
جەم بوان نە جەمدا، چی پردیوەر شار

## کۆچی یارسانییەکان لە هەورامانەوە بۆ دالاهۆ

بزووتنەوەی یارسان، پێش سەرهەڵدانی سەفەوییەکان، لەژێر گوشاری توند و گشت لایەنەی باوەڕمەندانی موسڵمانی سوننە، قەڵەمڕەوی دەسەلاتی لە هەورامان لاواز بووە و لە ڕووی ناچارییەوە ناوەندی دەسەلاتداریی خۆی گواستوەتەوە بۆ دالاهۆ و ئەویَ کردووەتە دوایین بارەگای نیزامی (پیر و پادشایی) یارسان. لە دالاهۆ (باوەیادگار) وەک جێنشینی سوڵتان سەهاک، ئەرکی ڕێکخستنی بزووتنەوەی یارسانی لە ئەستۆ بووە.

کاتێک نیزامی پیر و پادشایی یارسان لە هەورامانەوە دەگوازێتەوە بۆ دالاهۆ، دەڤەری گۆران دەبێتە دوایین مەنزڵگە و قیبلەی ئاییینی کوردان و شایادگار دەبێتە شای دالاهۆ.

لەم بارەوە نەورۆز سۆرانی شایەتی دەدات و دەڵێت:

فەرِ کوپەسا سیادەوارەن
کوردەماڵ سەرپشک شا یادگارەن
دۆستان مزگانی پادشام سەوارەن
میهمان مینگەی تازە هەوارەن
یە نەورۆز واتەن ماڵ نیایم جە نۆ
تومیدەم تۆنی یا شای دالاهۆ

بەپێی ئەو چەند بەندە لە کەلامی پیر و کەسایەتییە مەزنەکانی یارسان بێت، چەقی فەلسەفە و تێڕامانی یارسان هەر لە دەستپێکەوە نیشتمانی کەونـاری کـورد بـووە و ئەم ئـایینە میراتگـری فەرهەنـگ و شارسـتانییەتی کـوردان بـووە و بەدرێژایـی مێژوو تێکۆشانیان بۆ زیندووڕاگرتنی ئەو چەمکە فکری، مەعنەوی و فەلسەفییانە بووە کە کورد وەک گەلێکی خـاوەن مێـژوو و شارستانییەت لە گەلانی دیکەی ناوچەکە جیا کردووەتەوە.

دوای کۆچی مێژوویی یارسانییەکان لە پردیوەرەوە بۆ دالاهۆ، نیزامی پیروپادشایی یـاری وەک پێکهـاتەی کۆمەڵایەتی لە هەورامـان کەمڕەنـگ دەبێـتەوە، بەڵام فەرهەنگـی مـاددی و مەعـنەوی یـاری کـاریگەریی خـۆی لەنێـو بەشـێکی زۆر لە هەورامییەکان بەجێ دێڵێت، بەجۆرێک کە هەتا ئێستا ئەوان، یارسان بە بەشێک لە میراتی فەرهەنگیی خۆیـان دەزانـن و لە زۆر ڕووەوە پێـڕەوەی لە دابـونەریتی یـارسـان دەکەن. بـۆ نموونە، هەورامییەکـان هەرچەن ئێسـتا بە ئـایین موسڵمانن، بەڵام دیـاردەی فرەژنـی لەنـاویـانـدا بـاو نییە، کە ئەم نەریتەیـان لەژێـر کـاریگەری ئـایینی یـاری ڕەچـاوی کـردووە، لەبەر ئەوەی یارسان فرەژنی ڕەد دەکاتەوە.

**٢٠ی جۆزەردانی ٢٧٢٦**

# ڕۆڵی کوردیی گۆرانی لە ئایینی یاریدا



خاڵێکی دیکە لە پەیوەندی لەگەڵ گرینگیی یارسان بە دونیای کوردبوونەوە ئەوەیە کە پێڕەوانی ئایینی یاری بۆ پەیڤی دەقە ئاینییەکانی خۆیان لە زمانی کوردیی گۆرانی کەلکیان وەرگرتووە. لە هەر سەردەمێکی مێژوویدا، کۆی کەلامەکان بە زمانی کوردی نووسراون و کراون بە دەفتەر. کەلامەکانی دەورەی پردیوەر و پێش پردیوەر بە کەلامی سەرنجام یان دیوانەگەورە بەناوبانگن. ئەم کەلامانە گرینگرین کەلامەکانی ئایینی یارین. پایە و ڕێساکانی ئایینی یاری لە دەفتەری سەرنجامدا بە گۆرانی کۆن تۆمار کراون.

لەبارەی گۆرانی کە زمانی فەرمیی ئایینی یارییە، لە کەلامێکی دەورەی سەید فەرزیدا هاتووە کە دەڵێ:

لەوز عەرەبیمان گێڵانە دەوران
کەردمان کەلام وە لەوز گۆران

کوردیی گۆرانی کە بە دەستپێشخەری ئایینی یاری و یارسانییەکان برەوی پەیدا کردووە، دواجار بووتە زمانێکی خۆشەویست لای بەشێک لە شاعیرانی دیاری کوردستان،

بەجۆرێک کە شاعری گەورە، خانای قوبادی شانازی بەم زمانەوە دەکات و دەڵێت:

ڕاستە مەواچان فارسی شەکەرەن
کوردی، جە فارسی بەڵ شیرینتەرەن
بە لەفز کوردی، کوردستان تەمام
پێش بوان مەحزور باقی والسلام

## دژبەرانی بیروباوەڕی یارسانییەکان لە کوردستان

زۆر گرینگە بزانین یارسان بەدرێژایی مێژوو، کێشەی لەگەڵ چ جۆرە کوردێک هەبووە و لێی بەری بوووە.

سەرهەڵدانی ئایینی یاری لە پردیوەر بە دژایەتی توندی مەلا و پیاوە ئاینییەکانی ناوچەکە بەرەوڕوو بووەتەوە. ئەوان ئایینی یارییان بە هەڕەشەیەک بۆ سەر ئایینی خۆیان زانیوە. بەتایبەتی لە سەردەمی پردیوەر، یارسانییەکان بەردەوام لەژێر فشاردا بوون بۆ ئەوەی ناچار بکرێن ئایینی خۆیان بگۆڕن و ئایینی ئیسلام قەبووڵ بکەن. یارسانییەکان بەهۆی فراوانبوونی هەژموونی ئیسلامییەکان، بۆ پاراستنی خۆیان و مانەوەی ئایینەکەیان کۆچیان کردووە بۆ ناوچە سەخت و شاخاوییەکانی هەورامان.

لە پاش سەرهەڵدانی سەفەوییەکان و گۆڕینی ئایین بۆ کەرەستەی سیاسی و دەسەڵاتخوازی، بواری دژایەتیی بیروباوەڕی ئیسلامی کە لەگەڵ بنەما فیکرییەکانی ئایینی یاری ناتەبا بووە، لە پردیوەری هەورامان پتر پەرەی سەندووە. هەر لەو سەردەمەدا بەشێکی بەرچاو لە کوردانی جاف، لەک، کەڵهوڕ و هەورامی کە پێشتر یارسانی بوون، لەژێر فشار، ئایینی خۆیان لە یارییەوە گۆڕیوە بۆ ئیسلام و دابەش بوون بەسەر دوو ئایینی سوننە و شیعەدا. لەو قۆناغە ئەستەم و چارەنووسسازەدا، یارسانییەکان لە نێو دڵی چیا سەرکەشەکانی هەورامان بە پێڕەوی لە سیاسەتی کرمات (سر مگو)، توانیان خۆیان و ئایینەکەیان لە فەوتان ڕزگار بکەن.

جێگای باسە، سەردەمی پردیوەر لە مێژووی یارساندا، ئەستەمترین و پڕمەترسیترین سەردەمە، لەبەر ئەوەی لەو قۆناغەدا حەقیقەتی ئایینی یاری و جەوهەری مرۆڤخودایی لە سوڵتان سەهاک ئاشکرا بووە. ئەو سەردەمە هاوکات بووە لەگەڵ دەسەڵاتی توندی ئایینی و سیاسیی فەرمانڕەوا و مەلا ئیسلامییەکان لە ناوچەکە. ئیسلامییەکان، باوەڕی یارسانیان بە کوفر لەقەڵەم داوە. بەتایبەت دژی باوەڕی مرۆڤخودایی یان دەرکەوتی جەوهەری خودا لە مرۆڤدا بوون. کەواتە لەسەردەمی

پردیوەر، یارسانییەکان لەنێوان بەرداشی موسڵمانی سوننە و شیعەدا بەرخۆدانیان کردووە بۆ مانەوە و زیندووڕاگرتنی ئایینی کوردان.

جێگای ئاماژەیە، لە دەورانی پردیوەر، زۆر لەو کوردانەی کە دواجار ڕێبازی یارسانیان هەڵبژاردووە، لەلایەن مەلای توندڕەوی کوردەوە هەڕەشەی کوشتنیان لێ کراوە.

## ڕۆڵی گۆرانەکان لە دیرۆکی کوردان

لە ڕاستیدا گۆران وەک چەمکێکی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی لە مێژووی یارساندا پێناسە کراوە و لە ڕووی زمان و پێکهاتەی کۆمەڵایەتییەوە بەشێکە لە نەتەوەی کورد. کاتی خۆی بەشێک لە کوردانی موسەڵمان لە پردیوەری هەورامان دژایەتی گۆرانەکانیان دەکرد کە میراتگری ئایینی کوردان بوون.

گۆرانەکان بەشێکی گەورە و خاوەن ڕۆڵ بوون لە نەتەوەی کورد. ئەم پێکهاتەیە لەدوای لەناوچوونی دەسەڵاتی ساسانییەکان توانیویان زوانی گۆرانی بپارێزن و وەک زمانی فەرمی ئایینەکەیان کەلکی لێ وەرگرن. ڕۆژگارێک زۆربەی کوردەکان خۆیان بە پەیڕەوکاری گۆران زانیوە و فەرمانی گۆرانەکانیان جێبەجێ کردووە.

بۆ نموونە: ئێڵ بەگی جاف دەڵێ:

من بە قەوڵ گۆران دەکەم
هەمووی بۆ سۆران دەکەم

هەروەها بۆ ئەوەی بزانین کورد و گۆران لەیەک جودا نین، سەرنجتان بۆ کەلامێکی عابدین جاف رادەکێشم، کاتێک تێکەڵ بە ئەڵقەی جەمی سوڵتان سەهاک و یارانی دەبێت،

بەم جۆرە خۆی دەناسێنێت و دەڵێ:

بە من ئەیژن تۆ گۆرانی
کوردی و بۆ ئەم ڕەمە شوانی
چونکە هاتیە سەری ڕێمان

ئەوانتر وە کاروان جێ مان
ڕێگەی گۆران هەر بگر لە بەر
تا سەرکەوێ هەتاکو سەر
چونکە گۆران ڕێی ڕووژنە
ئەم ڕێ بۆ گشت پیا و ژنە

عابدین جاف، لەم کەلامەکەدا جەخت لەسەر گۆرانبوون و کوردبوونی خۆی لەیەک کاتدا دەکاتەوە و لەیەکیان جیا ناکاتەوە. پاشان دەڵێت، ڕێگای گۆران بگرە بەر، دیارە لێرە گۆران وەکوو ڕێبازێک پیشان دەدات، ئەو ڕێبازەش شتێک نییە جگە لە یارسان و ئایینی یاری. ئەمە ئەو ڕاستییەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە لە دەورانی پردیوەر پێڕوانی ئایینی یاری بە گۆران ناوبانگیان ڕۆیشتووە و زمانەکەشیان شێوازی گۆرانی بووە کە ئەو کاتە ڕۆڵی زمانی فەرمی لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستاندا گێڕاوە.

عابدین جاف لە کەلامێکی دیکەیدا، ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە وشەی گۆران زۆرتر بۆ ئەو بەشە لە کوردان بەکار چووە کە پیرەوی ئایینی یاری بوون،

بۆیە ڕوو لە سوڵتان دەکات و دەڵێ:

من ئەو کوردم، تۆ ئەو گۆران
مەیکە وە دەعوای ساتووران

عابدین کاتێ دەچێت بۆ چاوپێکەوتن لەگەڵ سوڵتان، چاوی بە کەسێک بەناوی شەریفە دەکەوێت کە لەوێ پاسەوانە و پێی دەڵێت، من کوردم، دەرگام بەڕوودا بکەوە، هاتووم سوڵتان سەهاک ببینم. شەریفە دەچێت و بە سوڵتان دەڵێت، کوردێک لە خوێنی خۆت هاتووە و دەیەوێ بتبینێت.

کاتێک عابدین چاوی بە سوڵتان دەکەوێت، پێی دەڵێت:

کوردی کۆتاهی....
ئازیز ئەز نیم لەم کوردی کۆتاهی
ئەز لەو کوردەی تۆم مێرد دەستگاهی
ئا منم ئەو کوردە ئا تۆ ئەو شاهی

واتە ئازیز، من لەو کوردە بچووک و ئاست نزمانە نیم، بەڵکوو لەو کورانەم کە سەر بە نیزام و دەزگای یارییم. من ئەو کوردەم کە تۆ واتە (سوڵتان) بە گەورە و شای خۆم دەزانم.

**سوڵتان سەهاک بەگەرمی و خۆشەویستییەوە دەچێتە پێشوازی عابدین جاف و دەفەرموێت:**

**شەریفە ئەو کوردە بە من میوانە و مەڕوینە**
**من ئەو کوردەم خۆش دەوێ ناوی عابدینە**
**ئەزیەت مەدە بەو، خۆشەویستی سوڵتانە**
**قاپی بۆ بکەوە بۆ بەر جەمی بێنە**

## ئەو کوردانەی کامانەن کە لەم سەردەمەدا دژایەتی یارسان دەکەن؟

ئەو کوردانە کە ئوممەتی ئیسلام لەسەرەوەی شوناسی کوردبوونەوە دەبینن و فەرهەنگ، زمانی کوردی و بۆنە فەرهەنگی و نەتەوەییەکانیان بۆ گرینگ نییە، لەگەڵ بیری کوردبوونی یارسان لەدژایەتی دان.

ئەم جۆرە لە کوردی ئیسلامی لە دەورانی پەردیوەر گەلێک جار ئازاری سوڵتان سەهاک و یارانی داون و ئێستاش نموونەیان لە کوردستان هەیە.

کەواتە یارسان چ وەک باوەڕی ئایینی و چ وەک کۆمەڵگەیەکی خاوەن مێژوو لە کوردستان، دژایەتی لەگەڵ کوردایەتی و نەتەوەی خۆی نەکردووە، بەڵام مافی ئەوەی هەیە لەگەڵ ئەو کوردە ئیسلامییانەی کە بوونی یارسان و ئێزیدی ڕەد دەکەنەوە و وەک مەلا توندئاژووەکانی دەورانی سوڵتان سەهاک، هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دەکەن، خۆیان یەکلایی بکەنەوە.

## پاشخانی ئایینی لە کوردستان

پێش هاتنی ئیسلام بۆ کوردستان، کوردەکان خاوەنی چەندین ئایین و بیروباوەڕی جیاواز بوون کە زۆربەیان ڕەگیان لە فەرهەنگ و مێژووی دێرینی ناوچەکەدا هەبووە.

## ئایینە سەرەکییەکان ئەمانەی خوارەوە بوون:

### زەردەشتی

ئەم ئایینە یەکێک بوو لە باوترین ئایینەکان لە سەردەمی ئیمپراتۆریەتی ساسانیدا. زۆربەی مێژوونووسان ئاماژە بەوە دەکەن کە بەشێکی زۆری کوردەکان پەیڕەوی ئەم ئایینەیان دەکرد. هەتا ئێستاش چەندین پەرستگای ئاگری دێرین لە ناوچە جیاوازەکانی کوردستان وەک شوێنەوار ماونەتەوە.

### یارسان و ئێزیدی

ئەم ئایینانە کە هەندێکجار بە "یەزدانیزم" یان ئایینی ڕەسەنی کوردی ناودەبرێن، پێش ئیسلام هەبوون. هەرچەندە لە سەدەکانی دواتردا هەندێک گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە، بەڵام بنەماکانیان دەگەڕێتەوە بۆ بیروباوەڕە دێرینەکانی میترا و سروشتپەرستی کە پێش ئایینی زەردەشتیش باو بوون.

زۆربەی کوردان، لە سەدەی حەوتەمی زایینیدا ڕوویان لە ئایینی ئیسلام کرد. لەو سەردەمەوە تا ئێستا دوو جۆر موسڵمان لە کوردستان هەن. یەکەمیان ئەوانەن کە ئیماندارن، باوەڕیان بە ئایینی ئیسلام هێناوە و وەک تێکڕای کۆمەڵە ناعەرەبەکان، بە (مەوالی) ناسراون. دووهەمیان جۆرە گرووپێکی توندئاژووی ئیسلامین کە ئێستا لە کوردستان بە سەلەفی و ئیسلامی سیاسی بەناوبانگن. زۆربەی کوردانی نیشتمانپەروەر و بەتایبەت دوو کۆمەڵگەی یارسان و ئێزیدی هەتا ئێستا کێشەیان لەگەڵ ئەو گرووپە ئیسلامییانەدا هەیە.

کاتی خۆی تەکیە و خانەقاکانی کوردستان کە ناوەندی تەسەوف و شوێنی کەسانی ئایینیی نیشتمانپەروەر بوون، ڕۆڵێ گرینگ و گەورەیان هەبووە لە پەروەردی ڕۆحی و پاراستنی زمان و فەرهەنگی کوردی، بەڵام لەدوای سەرهەڵدانی سەلەفییەت لە کوردستان، گرووپە ئیسلامییەکان هەوڵ بۆ بە نەریتکردنی جۆرێک لە ئیسلامی سیاسی دەدەن کە دژ بە فەرهەنگ و شوناسی نەتەویی کوردانە.

بزووتنەوەی ئیسلامی لە هەر دەورانێک خاوەن دەسەڵاتی سیاسی و خەلافەتی ئیسلامی بووە، دژایەتی هەموو جۆرە بیری ئایینی و فەرهەنگی جیاوازی کردووە. خەلافەتی ئیسلامی لە دەستپێکی بڵاوبوونەوەی لە کوردستان، هەوڵی سڕینەوەی ئەو

ئایینـانەی داوە کە ڕیشـەیان لە ئایینەکـانی زاگرۆسـدا هەبـوو. ئێسـتاش هەنـدێک لە ڕەوتە ئیسلامییەکان لە کوردسـتان بە هەمان عەقڵیەتی کۆن، دژایەتی یارسان، ئێزیدی و فەرهەنگ و داوبەریتی هەزاران ساڵەی کوردان دەکەن.

## کەمتەرخەمی توێژەران و مێژوونووسانی کورد لە مەڕ ناساندنی یارسان وەک بەشێکی گرینگ لە سیستەمی هزریی کوردان

بە پێی سەرچاوە مێژووییەکان و لێکۆڵینەوەکان، مێژووی پەیدابوونی گەلـی کـورد وەک نەتەوە، مێژوویەکـی کۆن و ڕیشـەدارە و دەگەڕێـتەوە بـۆ هەزاران سـاڵ پـێش زایـین. کوردەکـان نەتەوەیەکـی ڕەسـەنی نـاوچەی کوردسـتان و چیاکـانی زاگـرۆس و تۆرۆسن. کوردەکان نەوەی گەلانی کـۆنی نیشـتەجێی زاگـرۆس و میزۆپۆتامیـان، وەک (گوتییەکـان، لۆلۆبیەکـان، میتانیەکـان، کاردۆخەکان و مادەکان).

بە پێی سەرچاوە مێژوویی و ئەنترۆپۆلۆژییەکان، یارسانییەکان هەڵگری فەرهەنگی ڕەسەنی کـوردین و بەشێکی دانەبـڕاون لە پێکهـاتەی کـۆمەڵایەتیی نەتەوەی کـورد، بەڵام زۆربەی مێژوونووسـانی کـورد کاتێـک لە ڕووی کـۆمەڵایەتی، سیاســی و فکـرییەوە، باسـیان لە چەمکـی کوردبـوون کـردووە، کەمتـر ئاوڕیـان لە بـزووتنەوە ئـایینی و کۆمەڵایەتییەکـانی زاگـرۆس، (ئێزیدی، یارسان/ گۆڕان) داوەتەوە کە پارێزەری ڕاستەقینە فەرهەنگ و شارستانییەتی کوردان بوون.

فەرهەنگی بیرکردنەوەی توێژەرانی سیاسی و مێژوویی کورد، زۆرتر گرێدراوی دۆخێکی دیـاریکراو بـووە لە مێـژووی ئیمـارەتە کوردییەکان و بزووتنەوە سیاسییەکان سەد ساڵی ڕابردوو. بەشێکی بەرچاو لە گێڕانەوەکان لە چوارچێوەی ئـوممەتی ئیسلامی و بە ڕوانگەی ئایینی، شوناسی کوردبوونیان پێناسە کردووە.

لە زۆربەی پەرتـوکە مێژووییەکـانی کوردسـتاندا، نـاوی یـاری و یارسـان بەرچـاو ناکەوێت، هەربـۆیە کەسێکی یارسـانی لەم سەردەمەدا ناتوانێت خۆی لە نێو سەرچاوە مێژووییەکانی کوردستاندا بـدۆزێتەوە. یـان ئەگەر لە شوێنێک باسێک لە یارسان کـراوە، زۆرتـر بە (عەلیـوڵڵاهی و ئەهلـی حەق) و بە شـاخەیەک لە ئیسـلام و شیعەی ڕێبـازی دوازدە ئیمـامی پێناسـەیان کردووە.

یارسان ڕاستییەکە لە سیستەمی، کۆمەڵایەتی، بـاوەڕ و بیرکردنەوەی مرۆڤی کـورد و لە ڕووی بیرکـردنەوە و بۆچـوونەوە، لە دەرەوەی ئـوممەتی ئیسـلامی و میرنشـینی کـوردی، خـۆی لەسـەر بنەمـای فەرهەنـگ و شارسـتانییەتی زاگـرۆس و کوردسـتانی کەونـاردا پێناسە کردووە و کاریگەریی ڕاستەوخۆی هەبووە لە بووژانەوە و پاراستنی بەها فەرهەنگی و مەعنەوییەکانی

نەتەوەی کورد.

نووسەران و توێژەرانی کورد، بەدڵنیاییەوە ناتوانن باس لە سیستەمی هزری کورد لە مێژوودا بکەن، ئەگەر نەتوان یارسان وەک بەشێکی گرینگ لە میراتی فکری و فەرهەنگی و دیرۆکیی کوردان تاوتوێ بکەن و لەو سۆنگەیەوە کوردبوونی خۆیان پێناسە بکەن.

لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا، یاری و یارسان دەربازی قۆناغێکی گرینگ لە خۆناسین و خۆناساندن بووە و بەشێکی زۆر لە کوردپەروەران لە کوردستان، یارسان بە بەشێک لە میراتی فەرهەنگی، ماددی و مەعنەوی خۆیان دەزانن. ئەگەر وا بێت، گۆڕانکارییەکی باش لە تێڕوانینی مرۆڤی کورد بۆ یارسان دروست بووە و ئەم گۆڕانکارییە دەتوانێت ببێتە هۆی وەرچەرخانێکی گرینگ لە مەسەلەی خۆناسینی کوردان.

## ئەنجام:

یارسان بەهۆی فەلسەفەی (دوونادوون)، کە بەواتای یەکگرتوویی ڕۆحەکانە، لە دوون و قۆناغە جیاوازەکاندا، خۆی لە چوارچێوەی هیچ نەتەوە و نژادێکی تایبەتدا پێناسە ناکات. واتە لە مەسەلەی دوونادووندا ڕەگەز و نەتەوەی تایبەت جێی مشتومڕ نین، بەڵکوو کۆی بوونەوەرەکان لەبەرچاو دەگیرێن، بەڵام لە دونیای ڕاستی و لە ڕەوتی مێژووی مرۆڤایەتی و بارودۆخی کۆمەڵایەتیدا، یارسان هزری کوردبوونە.

کەلامەکانی ئایینی یاری، گەواهی بۆ بنەچە و ڕەچەڵەکی یارسان دەدەن، وەک یەکێک لە کۆمەڵگە گرینگەکانی زاگرۆسی دوێنێ و کوردستانی ئەوڕۆ. هەر تێڕوانینێک کە نکۆڵی لە کوردبوونی کۆمەڵگەی یارسان بکات، ئەوە لەژێر پەردەی ئایدۆلۆژیای سیاسیدا، هەوڵی سەپاندنی دابڕانێکی هۆشیارانە دەدات و دەیەوێ یارسان لە شوناسی ڕاستەقینەی خۆی دوور بخاتەوە. پێناسەکردنی یارسان لە دەرەوەی نەتەوەی کورد، وەک ئەوە وایە ناونیشانی کۆمەڵگەیەک بدەی، بەڵام لە نەخشەی دونیادا نەبێت.

## سەرچاوە:

سرانجام، طیب طاهری، سلیمانیە، انستیتوی فرهنگی کورد ٢٠٠٧
دفتر نوروز سورانی، بەکوشش سید فریدن و دانشور، نشر پانیذ، چاپ اول ١٣٨٢، تهران
تاریخ و فلسفەی سرنجام، طیب طاهری، خانەی موکریان، چاپ سوم، ٢٠١٣، اربیل

٨ی پووشپەڕی ٢٧٢٦



سەرچاوە Serchawe


سەرچاوە: ڕۆژنامەی کوردستان و ماڵپەڕی کوردستان میدیا

---

کۆکردنەوەو ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

گەلاوێژی ٢٧٢٦ی کوردی = ئاگۆستی ٢٠٢٦ی زایینی

---





# سپاس و پێزانین

**بۆ هاوڕێ سارۆ خوسرەوی بۆ نووسین و ئامادەکردنی وتارو نووسراوەکان.**

**دەستتان خۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.**

**ڕەحمان نەقشی**

